MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

PDF4Kurd

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# بەفری کلیمانجارۆ

(ئەرنست هەمەنگوای)

# بەفری کلیمانجارۆ

وەرگێڕانی

حەسەن جاف

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **بەفری کلیمانجارۆ**
- **نووسینی: ئەرنست هەمەنگوای**
- **وەرگێڕانی: حەسەن جاف**
- **نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی**
- **ژمارەی سپاردن:** 951
- **نرخ:** 1000
- **چاپی یەکەم** 2008
- **تیراژ:** 750
- **چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)**

**زنجیرەی کتێب** (244)



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

**کلیمانجارۆ شاخێکە بەرزاییەکەی دەگاتە 19710 پێ و بەبەفر داپۆشراوە و دەڵێن بەرزترین چیای ئەفریقیایە. بە لوتکە رۆژئاواییەکەی دەگوترێ ((مازی نگاجی نگی)) Masai Ngaji Ngai واتە ماڵی خوا.**

**نزیك ئەم لوتکەیەی رۆژئاواوە هەیکەلێکی وشك هەڵاتووی پڵنگێك هەیە بەفر دایپۆشیوە.**

**کەس تائێستا ئەوەی بۆ روون نەکردووینەتەوە کە ئەم پڵنگە چیی دەویست ولای ئەو لوتکە بڵندە بەدواچدا دەگەڕا.**

-" ئەوەی بەلامەوە سەیرە ئەوەیە کە هیچ ئازارێکی نییە."

ئەمەی گوت و دواییش لەسەری رۆیشت.

-" ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە دەست پێکردنی بکات."

- (( بەراستە ؟))

-" گومانی تیانییە. بەڵام زۆر بەداخەوەم بۆ ئەم بۆنەی کەبێگومان تۆش بێزار دەکا."

- " ئەوە مەلێ ! تکایە، ئەوە مەلێ. "

- گوتی:

- " تەماشایان* بکە، خۆزگە دەمزانی چییە وا بەم جۆرە کێشیان دەکات، چاوە یا بۆن."

---

* نووسەر لێرەدا بە ڕاناوی عاقڵ باسی باڵندەکان دەکات لەبەر گەورەیی ومەزنی ئەو باڵندانە، ئەمەش شێوەیەکی باوە لە عەرەبیشدا "و.ع "

- ئەو قەرەوێڵە سەفەرییەی کابرا لەسەری ڕاکشابوو، لەژێر دار میمۆزاییکی فرە سێبەردا دانرابوو، کە لە سێبەرەکەوە سەرنجی دەشتەکەی دەدا، ئەوەندە گەرم ببوو چاو رەشکە و پێشکەی تێدا دەکرد لەوێوە سێباڵندەی گەورەی بینی، بێ ئابڕوانە هەڵنیشتبوون، لە کاتێکدا دەرزەنێکی دیکەیان بەئاسمانەوە دەفڕین و سێبەرێکی سووک ڕەویان دروست دەکرد.

- گوتی:

- " لەوساوەی لۆریەکە لێرەدا پەکی کەوت ئەوانیش لێرەن، ئەمە یەکەم رۆژە ببینم هەندێکیان بنیشنەوە. لە سەرەتادا زۆر بە وردی دیقەتی جۆری فڕینەکەیانم دەدا بە هیوای ئەوەی رۆژێ لە ڕۆژان کە چیرۆکێکم نووسی سوودی لێ ببینم، بەڵام ئێستا پێکەنینم بەوە دێت."

گوتی:

-" تکایە بەسە ئیتر."

گوتی:

-" هەر قسە دەکەم و هیچی کە، کە قسە دەکەم کۆستەکە سووکتر دەبێت، بەڵام حەزیش ناکەم تۆ زویر بکەم. "

گوتی:

-" چاك دەزانی من بەوە دڵگیر نابم، بێ دەسەڵاتییەکەم زۆرم تووڕە دەکات، واتێدەگەم ئێمە دەتوانین – بەپێی توانا – ئەم بەڵایە ئاسانتر بکەین تا فرۆکەکەدێت.

-" یان رەنگە نەشێیت."



-" تکات لێدەکەم، پێم بڵێ چیم بۆ دەکرێ، هەر دەبێ شتێك هەبێ من بتوانم بیکەم."

گوتی:

-" دەتوانی قاچم ببڕیتەوە، لەوانەیە ئەوە کۆتایی پێ بێنی هەر چەندە بڕواش ناکەم وابێ. دەتوانی فیشەکێکم پێوە بنێت، لە نیشان پێکانا دەستت زۆر راستە، بۆ خۆم فێری تەقەم کردی، وانییە؟"

- "تکات لێدەکەم واز لەم قسانە بێنە، ناتەوێ شتێکت بۆ بخوێنمەوە".

- "چی دەخوێنیتەوە ؟ "

- "هەر چییەك لە جانتای کتێبەکەدا مابێت و هێشتا نەمانخوێندبێتەوە."

گوتی:

- "ناتوانم گوێ لە خوێندنەوە بگرم، قسەکردنم لە هەموو شتێك لا ئاسانترە، ئەم شەڕەشمان کاتەکە باشتر بەسەر دەبا "

- "من شەڕناکەم... بە درێژایی تەمەنم حەزم لە ناخۆشی نەکردووە. باڵە ئیمڕۆوە، هەرچەندە تووڕەش بین و پەستی دامانگرێ، واز لە شەڕ بێنیین.

بەڵکو ئیمڕۆ لۆرییەکی دیکەمان بۆ بنێرن، بەڵکو فڕۆکەکە بێت."

پیاوەکە گوتی:

- "من نامەوێ بجوولێم، تازە بزووتنەوە هیچ کەڵکێکی نییە، مەگەر هەر شتەکان لای تۆ ئاسانتر بکات."

- "ئەمە ترسنۆکییە"

- "تۆ بۆ ناهێڵی پیـاو بـە ئـەو پـەڕی هێمنییـەوە بمـرێ، بـێ ئـەوەی ناشیرینیترین ناوی لێ بنێت، چ سوودێك لەسەر زەنشت کردنم دەبینی ؟"

- "تۆ نامریت "

- "نەفام مەبە، من وائێستا گیان دەدەم، لەو زۆڵانەش بپرسە."

چاوی بڕیە ئـەو شـوێنەی باڵنـدە گـەورە چـەپەڵەکان هەڵنیـشتبوون و سەریان لە پەڕەکانیاندا نقوم کردبوو. باڵندەی چوارەم لە زەوییەکـەوە نزیـك بوەوە بە نەرمەغار بەرەو لای هاورێکانی ڕۆیشت.

-"بە دەوری سەربازگەکەدا بێ ئەوەی ئێمـە بیـانبینین دەسـووڕێنەوە، مرۆڤ ئەگەر خۆی نەدا بە دەستەوە نامرێ."

- ئەمـەت لـە کوێـدا خوێندووەتـەوە ؟ بەڕاسـتی ئـافرەتێکی شـێتی نەفرەت لێکراوی."

- "دەتوانی بیر لە کەسێکی دی بکەیتەوە."

پیاوەکە گوتی:

-" ئۆە خوایە، ئەی هەر ئەوەپیشەم نەبووە ؟! "

- ئیتر ڕاکشا و ماوەیێك بێ دەنگ بوو. چاوی بڕیە تیشکی گەرماکەی سەر دەشتەکە و تەماشای لێواری کۆمەڵە ڕووەکە دڕکاوییەکانی کرد. چەند ئاسکێك بەسەر دەشتە بۆرەکەوە بچووك و سـپی دەهاتنـە پـێش چـاو، لـە پشت ئەوانیشەوە تۆزێ دوورتـر کۆمـەڵێ کـەرە کێـوی، لـە نـاو سـەوزایی کۆمەڵە ڕووەکە دڕکاوییەدا سپی یان دەکـردەوە. ئـەوە وەك سـەربازگەیێك کەلەژێر سێبەری چەن دارێکی گەورە و لەلاپاڵ بانێکدا دروست کرابێ وابوو



و ئەملاو ئـەولای ئـاوی سـازگاری پێـدا دەڕۆیـشت و بـە تەنیشتیـشییەوە گۆمێکی نیمچە وشك هەبوو کە بەیانیان قەتێی لێوە هەڵدەفڕی.

ژنەکە لێ ی پرسی:

- "حەز ناکەی شتێکت بۆ بخوێنمەوە ؟"

بە تەنیشت قەرەوێڵە سەفەرییەکەوە و لەسـەر کورسـییەکی لـە گـووش دروست کراو دانیشتبوو.

دوابەدوای پرسیارەکەی گوتی:

- "ئەوە شنەباش هەڵیکرد "

- "نا ، سوپاس"

- "بەشکو لۆرییەکەش بێت "

- "یەك تۆزقال گوێ بە لۆریەکە نادەم "

- "بەلآم من گوێ ی دەدەمێ "

- "تۆ گوێ بەزۆر شت دەدەیت کە بەلای منەوە مەبەست نین "

- "ئەوەندە زۆر نین "

- دەڵێی چی تۆزێ نەخۆینەوە؟"

- بۆ تۆ خراپە.لە کتێبی بلاك* Black دا گوتراوە دەبـێ لـە هـەموو جۆرە با دەێیك دوور بکەویتەوە. دەبێ نەخوێتەوە "

- "مۆلۆ "

* نووسەر هێما بۆ فەرهەنگی پزیشکی بلاك BLack دەکات .( و. ع )

- "بەڵێ بوانا*"
- "تۆزێ ویسکی و سۆدەم بۆ بێنە"
- "بەڵێ بوانا"

ئافرەتەکە گوتی:

"باشتروایە نەخویتەوە  کاتێ کە باسی خۆ بە دەستەوەدان دەکەم مەبەستم ئەمەیە. کتێبەکە دەڵێ زیانت پێ دە گەیێنێ منیش دەزانم خراپەبۆت"

گوتی:

-" نەء چوست و چالاکم دەکات"

- بیری کردەوە کەواتە هەموو شتێك کۆتایی هات، لەم ڕۆژە بەدواوە چیتر  هەلێکی بۆ نارەخسێ تەواوی بکات، کەواتە بەمجۆرە کۆتایی هات، بە دەمەقالێ لەسەر پەرداخێ شەراب لەو ڕۆژەوەی قاچی ڕاستی تووشی گەنگەرینابووە هیچ ئازارێکی ئەوتۆی نەچێشتوە، بە نەمانی ئازارەکە ترسەکەشی رەوییەوە. تەنها شتێ ئێستا هەستی پێ بکات تووڕەیی وشەکەتییەکی زۆرە ئەویش ئەنجامی بیرکردنەوەیەتی لە نزیك بوونەوەی کۆتایی ژیانی، هەرچەندە زۆر کەمیش گوێی دەدایە ئەوەی بەرەو ڕووی هەنگاو دەنێ. سالێ لە دوای سالێ ئەوەندەی بیر لێ کردەوە تا زیانی گەیاندێ، بەلام ئێستا هیچ جۆرە مەترسییەك دروست ناکات. ماندووییەتییە بێ ئەندازەکە تا ڕادەی سەرسوڕمان هێوری کردوەتەوە. لە ئیمرۆ بە دواوە

* بوانا Bwana لە زمانی سەواحلی ئەفریقیدا بەرامبەر بە ((گەورەم )) ە، زانایانی زمان بۆ ئەوە دەچن کەلە ((أبونا))ی عەرەبییەوە هاتبێ ( و.ع).



ناتوانێ ئەوشتانە بنووسێ کە داینابوون بۆ ئەو ڕۆژەی بەدڵی خۆی بیان نووسێ، بە هەرحاڵ ناچاریش نابێ هەست بە شکستی و دەست کورتی بکات کە هەوڵی نووسین دەدات.

لەوانەشە تا هەتایە نەتوانێ بینووسی،  هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە هەڵت گرتن و سوود لێ وەرگرتنەکەت بۆ ماوەیەکی دیکە دواخست. باشە، لەمەو دوا ناتوانێ بڕیاری ئەوە بدات

ئافرەتەکە پەرداخەکەی بەدەستەوە بوو و لێوی خۆی دەکرۆشت و چاوی تێ بڕیبوو گوتی:

-" بریا نەهاتینایە ئێرە، لەوانە نەبوو لە پاریس تووشی شتێکی وەها ببی، هەمیشە دەتگوت پاریست خۆش دەوێ.

دەمانتوانی لە پاریسدا بمێنینەوە یان بچین بۆ جێگەیەکی دیکە، ئەگەر حەزیشت لەڕاو. بکردایە دەچووین بۆ هەنگاریا ڕاویشمان دەکردو ڕاشماندەبوارد."

گوتی:

- "سامانە چەپەڵەکەت ئەوەی پێکردین."

ئافرەتەکە گوتی:

- " ئەمە زوڵمە، چەند ئەو سامانە موڵکی من بوو ئەوەندەش من موڵکی تۆ بووم. هەموو شتێکم بەجێ هێشت، بۆ هەر کوێ یەك بچوویتایە دوات دەکەوتم، هەرچییەکت بویستایە دەمکرد، بەلام خۆزگە نەهاتینایە ئێرە "

- "تۆ گوتت ئەم ولاتەت خۆش دەوێ

- "كه تۆ باش بوويت خۆشم دەويست، بەڵام ئێستا رقم لێ يەتی.مـن تێناگەم قاچت بۆ تووشی ئەم بەڵايە بوو، چ گوناهێكمان كردبـوو تـا ئەمـە مان بێتەرێ ؟."

- "وای بۆ دەچم لەبەر ئەوە بێ كە يەكـەم جـار خورانـدم لـەبيرم چـوو ((يۆد )) ی لێ بدەم. دوای ئەوە هەر گوێيشم نـەدایێ چـونكە بـرينم پـيس نييە و زوو چاك دەبێتەوە، بەڵام كە بەم جۆرە لێی پيس كردم هەر بـيرم بـۆ ئەوە دەچێ هی تێكەڵ كردنی ئەو ئـاو و ئۆكـسجينە بـێ كـە دوای تـەواو بوونی — معقم —ە كان بەكارم دەهێنا، ئـيتر دەزوو لـە خوێنينـە وردەكـان لەكار كەوتن و گەنگەرينا دەستيپێكرد."

دوای تەواو كردنی قسەكانی تەماشايێكی كردو ئەوجا گوتی

- "چيتر؟".

ئافرەتەكە گوتی: مەبەستم ئەمە بوو ".

- ئەگەر ميكانيكييەكی شارەزامان لە باتی ئەو سـايەقە ((كۆكۆيـۆ)) بيە گەلحۆيە بەكرێ بگرتايە، ڕادەی رۆنەكەی رێكدەخست و گێرەكـە پـەكی نەدەكەوت".

- "مەبەستم ئەمە نييە."

- " ئەگەر خێزانەكەت و گشت كەسانی ئۆڵدو ستيۆری و ساراتوگاو پاڵم بيچە نەفرەت.

لێكراوەكانت بەجێ نەهێشتايە بۆ ئەوەی من بەكرێ بگری...."

- " بەڵام من تۆم خۆش ويـست، ئەمـە زوڵمـە مـن ئێـستاش خۆشـم دەوێيت و هەميشە خۆشم ويستويت. ئەی تۆ منت خۆش ناوێ ؟"



پياوەكە گوتی:

- "نەء بڕواناكەم. قەت رۆژێ لەڕۆژان تۆم خۆش نەويستوە."

-" هاری ئەوە چی دەڵێيت ؟ شێت بوويت."

-" نەخێر، من عەقڵم كوا تا لە دەستی بدەم."

گوتی:

-" گيانەكەم مەخۆرەوە، مەيخۆرەوە، دەبێ بە هـەموو تواناييێكمانـەوە هەوڵ بدەين" پێی گوت:

- تۆ ئەو هەوڵە بدە من ماندووم **((ئێستا وێستگەی شەمەندەفەرەكەی كاراگـاتش Karagatchی دێتـەوە يـاد كـە بەتەنيـشت جانتاكەيـەوە وەستابوو و روونـاكی گڵۆپـەكانی شـەمەندەفەری سـيمبلۆن — رۆژهـەڵات Simpion – orient پـەردەی شـەوەزەنگی دادەڕی. ئـەويش دوای كشانەوەی هێزە شەڕكەرەكان تەراقييەی بەجێ دەهێشت، ئەوە يەكێك بـوو لەوشـــتانەی داينـــابوو لـــە دوا رۆژدا بينووســـێ. وەك رووداوەكـــەی سەرلەبەيانيـشی — كـاتی نـانخواردن — هـەڵگرتبوو، كـە لەپەنجەرەكـەوە تەماشـايكرد بـەفر چـياكانی بۆڵگاريايـان داپۆشـيوە وگـوێ لێ بـوو سكرتێرەكەی نانـسن Nansen لـە پيرەمێردەكـەی پرسـی بلێـی ئـەوە بەفربێ، پيرەش سەرنجێكی چياكانی داو گوتی: نەء ، بەفرنيە، هێشتا زۆری ماوە بۆ بەفربارين. سكرتێرەكەش ئاوڕی لەكچەكانی ديكە دايەوە و گوتی: ديتان، بەفرنييە. ئەوانيش بەيەك دەنگ گوتيان: ئێمە بەهەڵەدا چووبووين، ئەوەبەفرنييە.**

**بەڵام ئەوە بەفرێكی تەواو بوو.**

ئەوەش هەر بەفربوو کە بەدرێژایی هەفتەی جەژنی زایین — اسبوع المیلاد — ی ئەو ساڵە لە گویرتالدا Gauertal باری، ئەو ساڵەی لەماڵی دار فرۆشێکدا بوونە میوان و کوانویەکی چوارگۆشەی گەورەی لە گلێنەی چینی دروست کراو نیوەی ژوورەکەی داگیرکردبوو، ئەو ژوورەی تیایدا لەسەر دۆشەکی لەگەڵای ( زان) دروست کراو خەوتن.

ئەو ڕۆژە سەربازە ڕاکردووەکە گەیشتنە ئەوێ، ئەوندە بەسەر بەفرەکەدا ڕای کردبوو هەر دوو قاچی خوێنیان لێ دەتکا و گوتی پۆلیس بەدواوەیەتی، ئەوانیش گۆرەوییەکی خورییان دایێ و پۆلیسەکانیان بەقسە خافلاند تا شوێن پێکەی سردرایەوە.

لەشرونزیشدا Schrunz ڕۆژی جەژنی زایین ئەوەندە بەفرباری بوو کەلەمەیخانەکەوە تەماشای خەڵکیت دەکرد چاوتی ئازار دەدا، خەڵکەکە دوای نوێژ لەکنیسە دەگەڕانەوە، ماڵەوە، بەو ڕێگەیەدا سەردەکەوتن کە بەدرێژایی رووبارەکەو ناوەڕاستی چیا، لاپاڵ لێژوپڕ لە دارسنەوبەرەکاندا دەکشاو عەرەبانە تایە بچووکەکان کوتابویانەوە و تەختیان کردبوو، میزیش زەردی کردبوو، هەر یەکێکیش لەوان خلیسکێنەرێکی قورسی هەڵگرتبوو و بەسەر چیا سەهۆڵێنەکەدا کە دەیڕوانییە ( مادلینەر هاوس ) بەرەو خواربووبوونەوە.

بەفرەکە وەك چینە شەکرێکی وردی سەرحەڵوا ورد و تەنك بوو، ئەوەت هاتەوە یاد چۆن کە بەلێژییەکەدا دەهاتیتە خوارەوە پاڵی پێوە دەنایت و گوڕی دەدایتێ، وەك باڵ بگرێتەوە وابوویت. بەفرەکە هەفتەیێکی تەواو لەمەیخانەی مادلینەر هاوس Madener Housدا ڕێی نەدان ولەوێ



حەپس بوون. لەو کاتەی ئەوان لەناو چەرە دووکەڵ و لەبەر ڕۆشنایی چراکەدا یاریی کاغەزیان دەکرد زریانێکی توند هەڵی کرد، هەتا هەر لانت Her Lant بیدۆڕاناییە یاریەکە گەورەتر دەبوو تا لە دواییدا هەرچیی هەبوو دۆڕاندی، پارەی قوتابخانەی خلیسکاندن و گشت قازانجی ئەو وەرزەی و لە دواییشدا سەرمایەکەشیی. باش سەرنجی دەدایی، بەخۆی و لووتە درێژەکەیەوە،کاغەزی یارییەکەی کۆ دەکردەوە و بڵاوی دەکردەوە (( بێ ئەوەی ببینرێ)).

قومارەکە بەردەوام بوو، بەفر نەبارییایە بەفر دایکردایە هەر یاری دەکرا.

بیری لە گشت ئەو ساتانەی ژیانی کردەوە کە لەسەر مێزە سەوزەکە بەسەری برد، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان دێرێکی لەو شتانە نەنووسی، تەنانەت دەربارەی ڕۆژەکەی جەژنی زاینیش هیچی نەنووسی، ئەو ڕۆژە خۆرەتاوە ساردەی چیاکان لەو دەشتەوە، کە جۆنسن بە سەریا فڕی و سەنگەرەکانی دوژمنی بڕی و شەمەندەفەری ئەفسەرە نەمساوییەکانی بۆمباران کرد، بەجوانی دیاربوون.

ئەفسەرەکان بەئیجازە لەبەرەی جەنگ دەگەڕانەوە، کە پەرت و بڵاوبوونەوە و هەریەکە بەلاییەکدا ڕایان کرد بەشەست تیرو رەشاش تێیان بەربوو. لە دواییدا باسی کرد چۆن جۆنس گەڕایەوە ئەو هۆڵەی خۆی و ئەفسەرەکانی هاوڕێی نانیان تێدا دەخوارد و ئەم چیڕۆکەی بۆ گێڕانەوە وچۆنیش هەموویان کش و مات بێدەنگ بوون تا یەکێکیان لە پاشاندا گوتی: (( ئای کە پیاو کوژێکی چەپەڵی دایك قەحپەیە ))

ئەو نەمساویانەی ئەو ڕۆژە کۆشتیانن هەر ئەوانە بوون کە دوایی لەگەڵیاندا بەفرەخلیسکانەی کرد، نەء ، ئەوان نەبوون. هانز، کە بەدرێژایی ئەو ساڵە لەگەڵیا بەفرە خلیسکانەیان دەکرد لە (( سەگفانەکانی قەیسەر )) بوو، کەبەیەکیشەوە چوونە راوی کەروێشکە کێوی لە دۆڵە بچووکەکەی سەروو دارتاشخانەکەوە، باسی ئەو شەڕەیان کرد کە بۆ گرتنی باسوپێو و **Pertica** هێرش بردنە سەربێرتیکا **Pertica** و ئاسالۆن **Asalone** گیرایان. بەڵام نەشی توانی رۆژی لە رۆژان وشەیەك دەربارەی هەموو ئەمانە بنووسێ. تەنانەت دێرێکیش دەربارەی مۆنت کۆرنۆ **Monte cokno** یان سێیت کۆم **Siete commum** ئارسێیدوشی **Arsiedo** نەنووسی. چەند زستانی لە فۆرالبرك **voralberg** ئارلیبرگ **Arilberg** بردە سەر...؟ چوار بوو.

دوای ئەوە کابرای خاوەن ڕێوی بیرکەوتەوە کەبەپێ دەچوون بۆ بلودنز **BLudenz** بۆ دیاری کڕین چاویان پێ ی کەوت، دەیویست ڕێوەیەکە بفرۆشێ. تامە خۆشەکەی عەرەقی قەراسیاشی بیرکەوتەوە کەلە تامی ناوکە گێلاسی دەکردو راکردنەکەیان و بەفریش ورد ورد بەسەریانا دەباری و گۆرانی (( هێی، هوو ! رۆڵی گوتی )) یان دەگوت **Hi Ho said Rolly** کاتێ کە لەدوا لێژیەوە بەرەو خوار بوونەوە و بەهێڵێکی راست چالآییە سەختەکەیان بڕی تا لە دواییدا بەسێ دەورە لە باخچەکە تێبپەڕین و لەوێشەوە بەرەو خەندەقەکە و بۆ ڕێگەکەی شار کە دەکەوتە پشت ئوتێلە بچووکەکەوە.

دوایی بیری کەوتەوە چۆن هەموو ئەو شتانەی بەسترابوون و هەڵیگرتبوون دانا و بەشەقێ هەر دوو قفڵەکەی هەڵتەکان و بە دیوارە



**دارینەکەی ئوتێلە بچکۆلەکەدا هەڵی پەسارد، تیشکی ئەو بەیانییەش لە پەنجەرەکەوە خۆی دەکرد بەژوورا و خەڵکەکەشی سەرگەرمی بۆنی عەرەقە تازەکە و گەرمی ی چڕە دووکەڵەکە بوون و ئۆکۆردبۆنیان دەژەند))**

لەئافرەتەکەی پرسی کەلەو ساتەدا لەسەر کورسییەکی لە گوش دروست کراو، لەئەفریقیە، بەرانبەری دانیشتبوو:

- "لە پاریس لە کوێ بووین ؟"
- "لەکریون cirllon . خۆ خۆت دەزانی."
- "بۆ چی خۆم دەزانم."
- "چونکە تاقە شوێنێك بوو راهاتبووین هەمیشە تیا بژین."
- "نەء ، هەمیشەنا ".
- "لەوێ و لە بافێونی هنری ی چوارەم Pavillon Hery 4. لەسان جەرمان. خۆت گوتت ئەو شوێنەت زۆر خۆش دەوێ"
- هاری گوتی:
- "خۆشم دەوێ ؟ خۆشەویستی زبڵخانەیە و منیش ئەو کەڵە شێرەم کە بەسەرییەوە دەقوقێنێ".
- "بەپێویستی دەزانی ئەگەر ناچاری ماڵآوایی کردن بیت هەموو شتێ دوای خۆت وردو خاش بکەیت، مەبەستم ئەوەیە، بەپێویستی دەزانی هەموو شتێ لەگەڵ خۆتدا ببەیت ؟

دەبێ ماین و ژنەکەت لەناو بەریت و زین و قەڵغانەکەت بسووتێنی؟"

- "بەڵێ. سامانە نەفرەت لێ کراوەکەت قەڵغانم بوو "
- "وا مەڵێ "

- "قەیناکە. واز لەمە دێنم چونکە نامەوێ هەستت بریندار بکەم"

- "بەڵام تۆزێ تیا دواکەوتی"

- "کەواتە باشە، بەردەوام دەبم، چونکە مایەی خۆشی وشت لەبیرچوونەوەمە. تاقەشتێ کە بەراستی حەزم دەکرد لەگەڵتدا بیکەم لەئیستە بەدواوە بۆم ناکرێ."

- "نەء ، راست ناکەی. حەزت دەکرد زۆر شت بکەیت. هەموو ئەو شتانەی تۆویستت بیکەی من کردم."

- "ئۆە : تکایە توو مەسیح ئەگەر ئەوەندە بە خۆتا هەڵدەیت و لە خۆت بایی بیت."

تەماشای کرد، دیتی وا دەگری، گوتی:

- "گوی بگرە، تۆ وا دەزانی من حەز بەم کارە دەکەم ؟ خۆشم نازانم بۆ وائەکەم. وەك ئەوە وایە مرۆڤ هەوڵ بدات یەکێ بکوژێ تا ژیانی خۆی بپارێزێ. وای بۆ دەچم کە دەستمان بەقسە کرد حالم زۆر باش بوو، مەبەستم تورە کردنت نەبوو. ئەوەتا وەك گەلحۆیێك بە ئەو پەڕی دڕندەییەوە رەفتارت لەگەڵدا دەکەم. گیانە گوێ مەدەرە قسەکانم. من خۆشم دەوێی، خۆشم دەوێی خۆشەویستییەکی راستەقینە، بۆ خۆشت دەزانی کەمن تۆم خۆش دەوێ.هیچ ئافرەتێکی دیکەم وەك تۆ خۆش نەویستوە."

دووبارە خۆی تووشی ئەو درۆیە کردەوە کە وەك خۆراکی رۆژانەی لەگەڵیا راهاتبوو.

- قسەکانت چەن خۆش و دڵگیرن.

گوتی:



- هەی سۆزانی ! سۆزانییە دەوڵەمەندەکە*، ئەمە شیعرە، دەروونم پڕلە شیعرە، پڕە لە شیعرو بۆگەنی، لە شیعری بۆگەن.

- "دە بیبڕەوە هاری، ئەوە بۆ بویتەوە بە شەیتان"

پیاوەکە گوتی:

"حەز ناکەم هیچ بەجێ بهێڵم. حەز ناکەم هیچ شتێ دوای خۆم بەجێ بهێڵم."

وا دنیا تاریك داهات و ئەویش خەوی لێ کەوتبوو. هەتاو خۆی کرد بەپشت شاخەکەدا و ئاوابوو و سێبەرێکی کەمیش دەشتەکەی داپۆشیبوو و گیانەوەرە بچووکەکانی بینی هەندێ لەولای سەربازگەکەوە لە کۆمەڵە رووەکە دڕکاوییەکان دوور کەوتبوونەوە و سەرەبچکۆلەکانیان نەوی کردبوو و کلکیان دەجولایەوە و خەریکی لەوەڕبوون.

باڵندەکان چیتر لەسەر ر روی زەوی چاوەڕی یان نەدەکرد، هەموو هەڵنیشتبوون و خۆیان بەسەر دارێکدا دابوو و ژمارەشیان زۆر ببوو. منداڵە خزمەتکارەکەشی بە تەنیشت قەرەوێڵەکەوە دانیشتبوو.

منداڵەکە گوتی:

* لەنێوان دوو وشەی سۆزانی و دەوڵەمەندا جورە هارمۆنبەتێك هەیە لەئینگلیزیدا وەك هارمۆنیەتی شیعر You Rich bitch

- "((میم ساحیب*)) چوو بۆ ڕاو، ئایا بوانا هیچی دەوێ؟"
- "هیچم ناوێ "

ڕۆیشتوە گیانەوەرێ لەناو بەرێ. دەیزانی ئەم زۆر حەز بەتەماشاکردنی نێچیر دەکا بۆیە لەو بەشە بچکۆلانەیەی دەشتەکەی بەرچاوی دوورکەوتەوە.

بەخۆی گوت: هەمیشە دووربینە، لەهەر شتێکدا زانیبێتی یا خوێندبێتیەوە یان ڕۆژێ لە ڕۆژان بیستبێتی. هیچ گوناهی ئەویشی تێدا نییە کەئەم بەرەو کۆتایی و نەمان دەچێت. چۆن ئافرەت دەتوانێ لەوە بگات کە تۆقسەکانت بۆ هیچ مەبەستێ ناکەیت، هەر ئەوەندەیە کردووتە بە عادەت و بۆ ئەوەی دڵنەوایی خۆت بکەیت ؟ ئەوەتی قسەکانی ڕاستی دڵسۆزی یان تێدا نەماوە، درۆکانی لای ژنان پەسند و قبووڵ دەکرێت، کەچی جاران هەرچەند ڕاستیشی بکردایە لێ یان قبوول نەدەکرد. ئەمەشی لەبەر ئەوە نەبووکە حەزی لە درۆ دەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە ڕاستیی لانەمابوو.

جاران، ژیانێکی هەبوو، بەڵام ئەوەندەی نەبرد تێری لێ خوارد، دوا بەدوای ئەوە ژیانێکی نوێ و لەگەڵ کەسانی دی و سامانێکی زۆر و هەندێ شوێنی تازەدا دەستی پێکردەوە.

بیرکردنەوەکانت ڕاگرت، ئەوانەش هەموو جوان بوون چونکە قەڵغانێکی فراوانت هەبوو دڵتی دەپاراست و ڕاستییەکەی تێدا دەپاراست.

* میم ساحیب زاراوەیەکی هندیە لەرەچەڵکدا مانای خانم دەگرێتەوە و لە دوو وشە پێك هاتووە Mem یان Madam واتە خانم + ساحب واتە گەورە یا ـ سید ـ ی عەرەبی.



ئەو ژیانە نەیتوانی تێکت بشکێنێ وەك گەلێ کەسی والێکرد. کە بۆت دەرکەوت ئیشەکەت پێ ناکرێ , وات نیشان دا گوێی نادەیتێ، بەڵام لە قوڵایی دەروونیشتا گوتت ڕۆژێ هەر دەربارەی ئەمانە دەنووسم ، دەربارەی خاوەن پارە زۆرەکان، لە ڕاستیشدا تۆ یەکێك نییت لەوان بەڵام هەر چاویان لێ خافڵ ناکەیت و لە ناو ماڵەکەی خۆیاندا جاسوسی یان بەسەرەوە دەکەیت. هەر لەم دەستە خەڵکە جیا دەبیتەوە وهەست و ڕای خۆتیان دەربارە دەنووسی، ئەوسا بۆ یەکەم جار وێنەی دەوڵەمەندە گەورەکان بەخامەی یەکێك کە ئاگاداری ناواخنیانە دەکێشرێ.

بەڵام قەت توانای ئەوەی نەبوو ئەوە بکات چونکە هەموو ڕۆژێ لەو ڕۆژانەی تیایاندا بێ نووسین و لە جیهانێکی پڕ لە خۆشی و نەرم و نیانیدا ژیا، کردییەوە بەو شتەی کە خۆی بێزی لێ دەکردەوە. هەموو ڕۆژێك لەو ڕۆژانە بەهرەکانی دەپووکانەوە وویستی کارکردنی لا لاواز دەکرد تا لە دواییدا وای لێ هات یەك دێڕ نەنووسێ.

ئەو خەلکەی ئەم ناسیبوونی خۆشبەختانە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن کە ئەم دەست لەنووسین هەڵبگرێ.

لە ئەفریقیادا، هەستی بەگەورەترین شادیی ماوە خۆشەکەی ژیانی کرد بۆیە دووبارە، بەمەبەستی دەست پێکردنەوەیەکی نوێ ڕووی تێکردەوە. ئەم گەشتی ڕاوەشیان بەکەمترین هۆی رابواردن کرد، ڕاستە تووشی هیچ کەم و کوری و ناخۆشیەك نەهاتن بەڵام ژیانێکی ئاسوودەش نەژیان. وای دەزانی دەتوانی بەم شێوەیە خوێ ڕابهێنێتەوە و دەست بە نووسین بکاتەوە ـ دەتوانێ بەهەر شێوەیەك بێت ئەو چینە پیوەی بەسەر گیانییەوە کەڵەکەی

کردوه بتوێنێتەوە، وەك چۆن بۆکسێن دەچێتە لای پەتەکەوە و مەشق دەکات تا پیوە کەڵەکە بووەکەی سەر لەشی بسووتێنێ و بیتوێنێتەوە.

ئافرەتەکەش زۆری پێ خۆش بوو و زۆریش حەزی لێکرد وەك خۆی گوتی. هەموو شتێکی هەست بزوێنی خۆش دەویست، هەر شتێ گواستنەوە و دیمەن گۆرینی تێدا بیت. حەز دەکات بۆ ئەو شوێنانە بچێ کەدەم و چاوی تازەی تێدا دەبینی وشتەکانی دڵگیر و جوانن، خۆشیی وای هەست کرد کە هێزێکی تازە بەبەر ویستی کارکردنیاکرایەوە. ئەگەر ئەمەش کۆتایی بێت، دەشیزانی هەر واشە، نابێ وەك ئەو مارەی لێ بێت کە دەزانێ پشتی شکاوە بەخۆیەوە دەدا. خەتاخەتای ئەم ئافرەتە نەبوو، ئەگەر ئەم بەتەنیشتییەوە نەبوایە یەکێکی دی دەبوو. ئەگەر لەسەر درۆییێك ژیابێ دەبێ هەوڵ بدا هەر لەسەر ئەو درۆیەش بمرێ.

لەپشت بانەکەوە گوێی لە تەقەیێك بوو، ئەم سۆزانییە جوانە ـ ئەم سۆزانییە دەوڵەمەندە ـ ئەم پاسەوانە دڵسۆز و بەهرە شکێنەی، نیشانچییەکی باش بوو. قسەی بێمانا ! خۆی بەهرەی خۆی وردو خاش کرد. بۆ چی رقی لەم ئافرەتە دەبێتەوە؟ لەبەر ئەوەی یارمەتی دا؟ بەهرەکەی بەبێ پەروایی وپشت گوێ خستن و خیانەت کردن لە خودی خۆی و پشت کردنە ئەو شتانەی باوەڕی پێیان هەبوو وردو خاشکرد.بەعەرەق خواردنەوە، ئەوەندەی دەخواردەوە هەرچی بیرتیژی و توانای هەست کردنی هەبوو لە ناوی دا، بەتەمەڵی و خۆ بەزل زانین و لە خۆبایی بوون وکینە، بەهەر شێوە و رێگەیێك بێت.



ئەوە چی بوو ؟ لیستی کتێبە کۆنەکان بوو ؟ ئەی بەهرەکەی چی بوو ؟ بەهەرحاڵ بێ گومانە کەبەهرەییێکی باش بوو بەڵام لە جیاتی ئەوەی بەکاری بێنێ پارەی پێ پەیدا کرد، ئەوەش ئەوە نەبوو کەرۆژێ لەرۆژان بەتەواوی کردبووی بەڵکە هەمیشە ئەوە بوو کە دەیتوانی بیکات. وای پێ باش بوو بەشتێکی دیکە نەك بە خامەو کاغەز رزقی خۆی پەیدابکات.

بەراستی سەیر بوو. هەموو جارێ کە ئافرەتێکی خۆش دەویست هەمیشە لەوانی پێشوو دەوڵەمەندتر دەبوو... بەڵام کە وازی لە دڵداری هێناو دەستی بەدرۆکرد ـ وەك ئێستا لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا دەیکا ـ کەلە هەموویان دەوڵەمەندتر و گشت سامانی دونیا هی خۆیەتی و خاوەن مێرد و منداڵ بوو و لەوەو پێشیش چەند دۆستێکی هەبوو و بەهیچیان رازی نەبوو، ئەم ئافرەتەی ئەمی وەك نووسەرێك و پیاوێك وهاورێییێك و دەسکەوتێك شانازی پێوە بکرێ، لەهەموو شتێ زیاتر خۆش ویست ـ سەیرە،کە وازی لە خۆشەویستیی ئەم ئافرەتە هێنا و دەستی بەدرۆ کردن کرد دەیتوانی زۆر بەئاسانی، لەپاداشتی سامانەکەیدا، لەوە زیاتری پێشکەش بکات کە لە رۆژانی خۆشەویستیە راستەقینەکەیدا دەیتوانی.

بیری لە خۆی کردەوە: بێ گومان هەردووکمان بۆ ئەو شتە رەخساوین کە دەیکەین، رێ و شوێنی رزق پەیدا کردن هەر جۆرێك بێت، بەهرە هەر هەیە. جاران، بەهەر شێوەیێك بێت، خۆی و گیان وتەمەنی دەفرۆشت، کە سۆزیش وەلا دەخرێت مرۆڤ چاکتر دەتوانێ لە پێناو پارەدا شتێ پێشکەش بکات هاوشانی ئەو پارەیە بێت.ئەمەی دۆزیەوە وزانیی، بەڵام ئێستا

ناتوانێ تۆماری بکات. نەخێر، توانای نووسینی ئەوەی نەماوە، هەرچەندە لە راستەقینە دا شایانی ئەوەشە بنووسرێ و دەببڕڕێ.

لەو ساتەدا چاوی پێی کەوت، لە دەشتەکەوە بەرەو سەربازگەکە دەهات، پانتۆڵێکی سواری لەبەردابوو لە جۆری جۆدهبۆر* و تفەنگە کورتەکەشی بەدەستەوە بوو دوو خزمەتکارەکەش لە دوایەوە ئاسکەییێکیان بە دارێکی درێژەوە بەستبوو و هەڵیان گرتبوو. بیری کردەوە و بەخۆی گوت: هێشتا هەر شۆخییەکەی ماوە ولەشیشی جوان وقەدری پیاو چاك دەگرێو بەهرەییێکی باشی پیاو رازی کردنی هەیە. جوان نەبوو، بەڵام ئەم حەزی لە دەم و چاوی کرد، زۆری دەخوێندەوە و حەزی لەسواری و ڕاو وشکار بوو زۆریشی دەخواردەوە. کە مێردەکەی مرد، ئەم تارا دەێیك گەنج بوو، ماوەێیك ژیانی خۆی بۆ هەردوو کوڕەکەی تەرخان کرد کە ئێستا هەردووکیان گەورە بوون و پێوستیان بەم نەماوە وپێیان عەیبە لێیانەوە نزیك بێت.

جگە لەمانە خۆی بۆ تەویلەی وڵاخەبەرزەکانی و کتێب و بوتڵەکانی تەرخان کرد. ئێواران پێش شێو حەزی دەکرد لەگەڵ خواردنەوەدا بخۆێنێتەوە، کەکاتی شێو دەهات تۆزێ سەری گەرم دەبوو، لەدواییدا لەگەڵ نان خواردندا بوتڵێ عەرەقی دەخواردەوە و بەتەواوی، وەك گشت شەوێك، سەرخۆش دەبوو و دەخەوت.

---

* جۆدهبۆر Jadh pars پانتۆلێکی فراوانی سوارییە. لە قولە پێ وە تا ئەژنۆ تەسك دەبێ و بەهۆی شاری جۆدهبۆری هیندییەوە ئەو ناوەی لێ نراوە. ((و. ع))



پێش ئەوەی دۆست پەیدا بکات ژیانی بەو جۆرەبوو، بەڵام کە ئەو دۆستانەی دۆزییەوە و بوونە بەشێك لەژیانی چیتر عەرەقی بەو جۆرە نەدەخواردەوە، چونکە پێویستی بەسەر خۆشی نەمابوو خەوی لێ بخا، بەڵام وردە وردە ئەو دڵدارانە پەست و بێزاریان کرد، جاران، ژنی پیاوێك بوو، ڕۆژێ لەڕۆژان دڵی نەشکاندووە، بەڵام ئەو دۆستانە لە ڕادە بەدەر پەستیان کرد.

لە دواییشدا کە یەکێك لە کوڕەکانی لە کارەساتێکی فرۆکەدا مرد، بە تەواوی دەستی لەو دۆستانە هەڵگرت، کە عەرەقیش نەیتوانی هەستی تەنیایی لەناو بەرێت هەوڵی دۆزینەوەی ژیانێکی نوێی دا. لە پڕهەستی کرد تەنیایەو گەلێکیش ئەو هەستە ترساندی بۆیە ویستی لە پەنا پیاوێکدا بژی خۆشی بوێ و رێزی لێ بگرێ. ئەمەش زۆر بەئاسانی دەستییپێکرد، لەپێشا حەزی لە نووسینەکانی کرد و زۆریشی بە غیلی بەجۆری ژیانەکەی ئەم دەبرد و وای دەزانی هەر چییەکی بوێ دەیکات. ئەو هەنگاوانەی ئەمی پێ دەستگیر کرد و لە دواییشیدا خۆشی ویست بەشێك بوو لە رێڕەوێکی بەردەوامی بنیاتنانی ژیانێکی نوێ وتیایدا سەرکەوتنی وەدەست هێنا.کەچی ئەم هیچی نەبوو بیداتێ جگە لە پاشماوەی ژیانە کۆنەکەی، لە پێناو دڵنیایی و رابواردندا ئەوەی لەگەڵیا گۆرییەوە، نکوولیی لێ ناکا، دەبێ چ داخوازییەکی هەبێ لە دڵنیایی و رابواردن بەولاوە.

دەزانێ ئەو ئافرەتە دەیتوانی بە ئاسانی ئەم دڵی بەهەر شتێکەوە بوایە بۆی بکڕێ، بێ لەمەش ئافرەتێکی زۆر رێك و پێك بوو، چەن حەزی دەکرد لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا بخەوێ، ئاواش حەزی دەکرد لەگەڵ ئەمیشدا وابکات. بەڵکو ئەمی بەلاوە مەبەستتر بوو چونکە دەوڵەمەندتر و رووحسووکتر بوو

و قەدری شتیشی باش دەزانی، سەرباری هەموو ئەمانەش نەدەنگی بەرز دەکردەوە و نە شەڕیشی لەگەڵدا دەکرد.

ئەوتا ئەو ژیانە نوێیەی ئافرەتەکە بۆ خۆی دروستی کردبوو بەرەو کۆتایی هاتن دەڕوات بەهۆی شتێکی زۆر بێ ماناوە. پێش دوو هەفتە دەیانویست وێنەی کۆمەڵێ مانگا کێویلەی جوان بگرن. مانگاکان وەستابوون و سەریان بەرز کردبوەوە تەماشای دەوروپشتی خۆیان دەکرد و کونە لووتیان بۆ هەڵمژینی هەوا کردبووەوە و گوێ قولاغی هەموو خشپەو ترپەیێك بوون تاگورج خۆیان لە مەترسی رزگاربکەن و رووبکەنەوە کۆمەڵە رووەکە دڕکاوییەکان. لەو کاتەدا دڕکێك ئەژنۆی ڕووشاند و لەبیری چوو هەندێ یۆدی لێ بدات و پاکژی بکاتەوە و وێنەکەشی بۆ نەگیرا، چونکە مانگاکان بۆی دەرچوون.

کە چاوی پێ کەوت سەری لەسەر قەرەوێڵە سەفەرییەکە وەرچەرخاندو پێی گوت: - هەلاو !

ئەویش گوتی:

- "ئاسکەنێرێکم ڕاو کرد، شۆربایێکی باشی بۆ تۆتیا دەبێت، پێ یان دەڵێم هەندێ پەتاتەت بۆ بکوتن لەگەڵ شیری ـ کلیم *ـ دا تێکەڵی کەن..."

" ئیستە چۆنی"

- "زۆر باشترم."

* Klim شیری وشکە ـ شیری قوتو.



- "زۆرم پێ خۆشە. دەزانی، بەخۆم گوت باشتر دەبێ، کە چووشم بۆڕاو خەوتبووی."

- "لە خەوێکی خۆشدابووم. دوورکەوتیتەوە.؟"

"فیشەکێکی چاکم بە ئاسکەکەوە نا"

- "نەء ، تەنها پێچێکم بە دەوری گردەکەدادا."

- "دەزانی ؟ دەستت ئەوەندە راستە پیاو سەری لێی سووڕ دەمێنێ."

- "من حەزم بەڕاووشکارە. ئەفریقیام زۆر خۆش ویست و هۆگری بووم. کەوا دەڵێم بڕوام پێ بکە. ئەگەر تۆش ناساغ نەبوویتایە دەمتوانی بڵێم لە هەموو ژیانمدا خۆشی وام بەخۆمەوە نەدیوە، تۆ نازانی چەن خۆم بە بەختیار دەزانم کەلەگەڵتدا بۆ ڕاو دەچم، من زۆرم ئەم وڵاتە لا خۆش و جوانە "

- "منیش هەر وام."

- "گیانەکەم: نازانی چەن خۆشەکە دەتبینم وەك جاران لەش ساغ و باشی، چاوم بەرایی نەدەهات لەو حاڵەدا تەماشات کەم، بێگومانیشم کە جارێکی دی بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا ناکەیت ؟ بەڵێنم دەدەیتێ؟"

- "نەء ، بیرم نایێ چیم گوتوە "

- "هیچ شتێك نییە پاڵت پێوە بنێ دڵی من بشکێنی وانییە ؟ من ئافرەتێکم لە پاییزی تەمەنمدام و تۆم خۆش دەوێ و حەز دەکەم تۆ چیت دەوێ بیکەم."

" پێشتر دوو یا سێ جار دڵم شکێنراوە وحەزیش ناکەم سەر لە نوێ دڵم بشکێنی:

"وانییە ؟"

گوتی:

- "حەز دەکەم یەك دوو جار لە پێخەفدا وردو خاشت بکەم."

- "چاکە، ئەمە وردوخاشکردنی راستەقینەیە ئێمە بۆ ئەم جۆرەپلیشاندنەوەیە خولقاوین. سبەینی فرۆکەکە دەگاتە ئێرە "

- "چۆنت زانی"

- "لێی دڵنیام، دەبێ هەربێت. خزمەتکارەکان دارو پووشیان ئامادەکردووە بۆ ئاگرکردنەوە. ئەمڕۆ جارێکی دی چووم تەماشام کرد، پارچە زەوییەکی فراوان هەیە فرۆکەکە دەتوانێ تیایدا بێتە خوارەوە و ئاگرەکەش لە ملاو ئەولای ئەو جێگەیەوە ئامادەکراوە "

-"بۆچی بڕوات وایە کە فرۆکەکە بەیانی دێت ؟"

-" هیچ گومانم لە هاتنی نییە. دەبوایە ئێستا لێرە بوایە، دوای ئەوە دەمانتوانی تیماری قاچت بکەین و و کاتێکی خۆشیشمان لە شار بەسەردەبرد لەگەڵ پلیشاندنەوەی راستەقینەدا، نەك ئەم دڵ شکاندنە ناخۆشەی لەقسەکانتدایە."

- "وا خۆر ئاوابوو، دەڵێی چی پەرداخێ مەی نەخۆینەوە ؟"

-" دەبێ هەر بخۆیتەوە؟"

- "پەرداخێك ئەخۆمەوە."

ژنەکە گوتی:



- " بەیەکەوە دەیخۆینەوە"

- پاشان هاواری کرد

- "مۆلۆ ! ویسکی و سۆدا بێنە"

هاری گوتی:

-" باشتر وایە پووتەکەت لەپێ کەیت، لەبەر مێشوولە."

- "جارێ خۆم ئەشۆم."

شەو داهات و ئەوانیش دەیانخواردەوە، پێش ئەوەی تاریکی بە تەواوی هەموو گەردوون بگرێتەوە بەچەند ساتێ و لەکاتێکدا بایی ئەوەندە رووناکی نەمابوو پیاو بتوانێ تەقە بکات و نیشان بگرێ، کەمتیارێ پێش ئەوەی بەدەوری بانەکەدا بابداتەوە دەشتاییەکەی بڕی.

پیاوەکە گوتی:

- "ئەم کوڕی قەحبەیە هەموو شەوێ بێرەدا تێدەپەڕێ، دوو هەفتەیە ئەمە پیشەیەتی."

- "هەر ئەمیشە بەشەو ئەو هەموو دەنگە دەکات. من گوێی نادەمێ، گیانەوەرێکی رەزا گرانە و مرۆڤ بێزی لێ دەکاتەوە."

کە عەرەقی لەگەڵدا دەخواردەوە،هەستی بە ئازارنە دەکرد جگە لە هەست کردن بە بێزار بوون لە پاڵ کەوتن بەسەر یەك لادا بێ گۆڕان و لەکاتێکدا خزمەتکارەکانیش ئاگریان دادەگیرساند و سێبەرەکەی بەسەر خێوەتەکانەوە سەمای دەکرد، دووبارە هەستی قبوول کردنی ئەم ژیانەی لەسەر خۆبەدەستەوە دانێکی بە لەزەت بنیات نراوە، لا دروست بوو. ئافرەتەکە ئەوی زۆر خۆش دەویست، کەچی ئەو ئێوارەیە خۆی زۆر دڵ رەق

و زاڵم بوو، ئافرەتێکی نایاب و بێ هاوتـابوو. لەوسـاتەدا هەسـتی مـەرگ دایگرتەوە، ئەو بیرۆکەیە وەك بروسکە بە مێشکیدا تێپـەڕی، تیـژ تێپـەڕ، نەك وەك تێپەڕ بوونی ئاو یان با، بەڵکو وەك تێپـەڕبوونی بۆشـاییێکی ناکاوی بۆگەن. (سەیر لەوە دایە) کە متیارەکـە لەوکاتـەدا سـووك رەو بـە تەنیشتیا تێپەڕی.

- ئافرەتەکە لێی پرسی:
- "هاری ئەوە چیتە؟"

وەڵامی دایەوە

- "هیچ. باشتروایە بچیتە ئەولا، لای بەریانی باکەوە. "
- " مۆلۆ لەفافەکانی گۆڕی ؟"
- "بەڵێ ئێستە لە ئاوی بۆریك بەولاوە هیچی دیکە بەکار ناهێنم."
- "هەست بەچی ئەکەیت "
- "تۆزی لەرزم هەیە."
- "من ئەچم خۆم ئەشۆم و هەر ئیستە دێمەوە و بەیەکەوە نان دەخۆین و دەخەوین".

بەخۆی گوت: چاکمان کرد وازمان لەشەڕ و هەرا هێنا قەت لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا ناخۆشی زۆریان نەکەوتووەتە بەینـەوە، کەچـی لەگـەڵ ئەوانـەی پێشتر خۆشی دەویـستن هەمیـشە لەشـەڕ و ئـاژاوەدابوو تـا هـەموو ئـەو پەیوەندیانەی کوشت کە لەگەڵیانـدا هـەیبوو زیـاد لـە پێویـست دۆسـتی هەبوو و لە ڕادە بەدەریش داواکاریی هەبوو، لەدوایشیدا کۆتایی بەهەموو ئەمانە هێنا و لـەناوی بـردن، **کـە بەتـەنیا مایـەوە، بـیری کـردەوە،**



ئەمجارەیان بیرەوەرییەکانی بردیانەوە بۆ قوستەنتەنییە ـ ئەستەنبۆڵ ــ کاتـێ لـەپاریس پـێش ئـەوەی لـە دۆسـتەکەی جیاببێتـەوە ناخۆشییان کەوتبووە بەینەوە، ئیتر شەوگاری بە ڕاکردن بـە دوای ئافرەتە سۆزانییەکانا دەبردەسەر، تاتێری خوارد، کەچی ئەمە ئەو هەستی تەنهاییەی دەیویست نەیهێڵی لەناو نەبرد. نامەیێکی بـۆ یەکەم دۆستی نووسی، هەرچەندە دەستیشی لێ هەڵگرتبوو، تیایدا باسی سەرنەکەوتنی خۆی لە هەوڵی لەبیرچوونەوەی ئەودا کردبوو، هەروەها باسی ئەوەشی تێدا کردبوو کە چۆن ڕۆژێ لـە ڕۆژان وای بەخەیاڵدا هات کە لە نزیك ریجانـسدا Rejnce بینـی و لـەپڕ ئەژنۆی شکاو سەری گێژی خوارد، چۆن دەیویست هەر ئافرەتێـك لەوی بکردایە بەدرێژایی بۆلڤار دوای بکەوێ، بەڵام لەوەش دەترسا کەلێی نزیك بکەوێتەوە و بۆی دەرکەوێ ئەو نەبوو و ئەو هەسـت و سۆزەی لەکیس بچێ، چۆن کە پەنای دەبردە بەر هەر ئافرەتێـك خۆشەویستییەکەی ئەو زیادی دەکرد و لەبیری نەدەچۆەوە.

هەرچییەکیش کردبێ، هیچی لەمەسەلەکە نەدەگۆڕی چـونکە باشی دەزانی کە لەو خۆشەویستیە رزگاری نابێت.

نامەکەی لەیانەکەدا نووسی، تەواو لەسەرخۆ و بەئاگاش بـوو، بەپۆستەدا رەوانەی نیویۆرکی کرد و داواشی لێکـرد بەناونیـشانی نوسینگە کەی لەپاریس وەڵامی بداتەوە چونکە بەدەست گەیشتنی مسۆگەربوو. ئەو شەوە ئەوندەی بیردەکرد هەستی بـە تـەنیایی و نەخۆشی کرد و وەك گێژ کەوتە سووڕانەوە و ناوچەی _ تقسیم

ـ ی بڕی و لەوێ ئافرەتێکی دەسکەوت و بردی بۆ شێو خواردن و لەدواییشدا بۆ یەکێك لەمەلهاکان و سەمای لەگەڵدا کرد، بەڵام باش سەمای نەدەزانی بۆیە وازی لێ هێناو لەگەڵ سۆزانییەکی ئەرمەنیدا کەوتە سەما کردن. ئەو ئەرمەنییە ئەوەندە ئاگرین بوو کاتێ کە زگی بەسەر ئەمدا دەخشاند هەستی دەکرد خەریکە گڕی تێ بەربێت، کچە ئەرمەنییەکەی لەدەست تۆ پچییەکی بەریتانی دەرهێنا، دوای کەمێك مشت و مڕ کابرای تۆپچی بانگی کردە دەرەوە و لەسەر زیخ و چەوی جادەکە لە یەکیان دا، دوو مستی کێشا بەلا دەمیا،کە خۆی گرتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێ هەستی کرد شەڕەکە راستە ـ جدی..پاشان تۆپچییەکە مستێکی کێشا بەلەشیا، یەکێکیش بەر شۆینێکی نزیك چاوی کەوت. کە دەستی چەپی بەرز کردەوە بۆ لێدانی تۆ پچییەکە خۆی دا بەسەر یا و چاکەتەکەی گرت و قۆڵێکی دڕاند، دوانی دیکەی بەپەنا گوێ یا کێشا و بەدەستی راستیشی دەم و چاوی پلیشاندەوە وپالێکی توندی پێوە نا تۆپچییەکە کەوت و سەری دای بەزەوییەکەدا. کە هەستی کرد ئینزیباتی عەسکەری پەیدابوون دەستی کچەکەی گرت و خۆیان خزاندە تەکسییەکەوەو بەرەو رمیلی هیسا **Rimmily Hissa** لەکەنارپسفۆر ڕایان کرد. کە بە تەواوی تاریك داهات و دنیا ساردی کرد گەڕانەوە و خۆیان کرد بەناو پێخەفەکەیاندا. بەدیقەت تەماشای کرد، ئافرەتێکی زۆر شۆخ بوو، نەرم و نۆڵ، پێست پەمەیی، مەمك



گەورەی پاشەڵ بەرز. بەیانی کە یەکەم گزنگی خۆر لێ ی دەدا، زۆر ماندوو دەهاتە پێش چاو، هێشتا ئەو خەوتبوو ئەم بۆی دەرچوو و ڕووی کردە پیراپالاس **Pera palace** و لاچاویشی هێشتا شوێنی بۆ کسەکەی پێوە دیاربوو و چاکەتەکەشی دابوو بەسەر دەستیا، بەڵام تەنها قۆڵێکی پێوە مابوو.

هەر ئەو شەوە ڕۆیشتە ئەنەدۆڵ، ئەوەی هاتەوە یاد چۆن رۆژێکی تەواو بەناو کێلگەکانی خەشخاشدا کە بۆ بەرهەم هێنانی تلیاك کرابوو، پیاسەی کرد و ئەو دیمەنانە چ هەستێکیان لە دەروونیا و روژاند، بیرەوەرییەکانی گێڕایانەوە بۆ ئەو جێگایەی لەگەڵ کۆمەڵە ئەفسەرێکدا کە تازە لەئەستەنبوولەوە هاتبوون و نەیاندەزانی چی دەکەن، هێرشیان برد و سەربازەکانیانی تێدا تۆپ باران کراو چاو دێرە بەریتانییەکەش وەك منداڵ دەگریا. ئەورۆژە بۆ یەکەم جار، مردووی تەنوورە لەبەری بینی، تەنوورەی ((باڵی)) ی سپی و پێڵاوی نووك بەرزی بە پارچە ئاوریشم رازێنراو وەك ئەوانەی بەشەبقەوە دەکرێن.

تورکەکان بەورەیەکی بەرزەوە دەتگوت دیوارێکی پۆلاینین هێرشیان دەبرد، سەربازە تەنوورەلەبەرەکانی بینی ڕایان دەکردو تەنوورە کانیان هەڵاوسابوو و ئەفسەرەکانیش تەقەیان لێدەکردن و لەدواییشدا ئەوانیش تێیان تەقاند . ئەمیش و چاودێرە بەریتانییەکە ڕایان کرد، ئەوەندە تیژ ڕای کرد سێیەکانی هاتنەژان. پاشان خۆیان دایە پەنا هەندێ تاوێر، بەڵام تورکەکان

به دەستووری پێشوو هەر ملیان دەنا، دوای ئەوە، دیمەنی وای بینی کە ناتوانێ بیریان لێ بکاتەوە، ماوەیێکی دی لەوە خراپتری بینی، لە راستەقینەشدا کەهاتە پاریس، نە دەیتوانی باسی ئەو یادداشتانە بکات و نەپەنجەشیان بۆ درێژ بکات. لە پاریسدا کە بەبەر چایخانەکەدا تێپەڕی شاعیرە ئەمریکییەکەی لە پشت کۆمەڵێ قاپ و دەفری بچووکەوە بینی بەسیماییێکی بڵحەوە باسی بزووتنەوەی دادایزمی * لەگەڵ کابراییێکی رۆمانی دا دەکرد کە ناوی ((تریستان تزارا)) بوو و هەمیشە چاویلکەییێکی یەك چاوی ی ـ مۆنۆکل ـ لە چاوادابوو و هاواری سەری دەکرد.

کە لەگەڵ ژنەکەی ئاشت بوونەوە و شەڕو ئاژاوەیان لە بەینانەما و گەڕانەوە (( شقە)) کەیان هەستیکرد خۆشەویستییەکەیان تازەبووەوە و بەختیاری باڵی بەسەر دەروونیاکێشا. بەیانییەکیان لە نووسینگەکەیەوە پۆستەکەیان بۆ ناردە (( شقە)) کەی و وەڵامی ئەو نامەیەی ناردبووی خرابووە

---

* دادایزم Dadaism یان Dadamovement قوتابخانەییێکی هونەری و ئەدەبیە، لەجەنگی یەکەمی جیهانی و ساڵانی پاش ئەو گەشەی کرد و هەوڵی ئەوەی دەدا بڕوا کردن بەهونەری کۆن، لە رێی بایەخدان بەو شتە لاوەکیانەی دوور لە لەرێکی و و ئیقاعەوە، هەڵبوەشێنێتەوە.
ئەسڵی وشەکە فەرەنسییە Dadaisme و لەناوی ئەو گۆڤارەوە هاتووە کە بەو ناوەوە دەردەچوو Dada ( و. ع )



سەرقاپێك و درایە دەستی، کە تەماشای خەتەکەی کرد موچرکێك بەلەشیا هات و ویستی لەژێر نامەیەکی دیکەدا بیشارێتەوە، بەڵام ژنەکەی پرسی : ئازیزەکەم ئەو نامەیە لەکێوەیە ؟"

بەوەش ئەو سەرەتایە کۆتایی هات.

ئەو رۆژە خۆشانەی هاتەوە یاد کە لەگەڵیاندا بەسەری بردبوو لەگەڵ هەموو شەڕ و ئاژاوەییێکی نێوانیان. هەمیشە خۆشترین کاتیان هەڵدەبژارد بۆ شەڕ و ئاژاوە نانەوە. تێ ناگا بۆچی تەنها لەوکاتانەدا شەڕیان دەنایەوە کە ئەم لەوپەڕی خۆشی و بەختیاریدا دەبوو؟

یەك دێری لەمانە هەموو نەنووسی چونکە ـ سەرەتا ـ حەزی نەدەکرد خراپە لەگەڵ کەسدا بکات. لەدوییدا وای بەخەیاڵدا هات کەشتی زۆرە ـ جگە لەوانە ـ بیانکات بەکەرەسەی نووسین، بەڵام هەمیشە بڕوای وابوو کە دەتوانێ گشت ئەو واتایانە بەسەریەکەوە لە دواییدا دەربڕێ. شت زۆر بوو بۆ نووسین. نەك رووداوەکان بەتەنها ـ بەڵکو جیهانی دەدیت بەرەو گۆڕان دەچێت، هەر چەندە گەلێك لەو گۆڕانانەی بینی و سەرنجی خەڵقیی دا و لە ژیانیانی کۆڵییەوە، بەڵام ناسکترین وردترین گۆڕانیشی بەچاوی خۆی بینی. دەیتوانی بەئاسانی بیری بێتەوە کە خەڵقی لەکاتی جیاجیادا چۆن بوون. گشت ئەمانەی بینی و

**تیایاندا ژیا و دەبوو لەسەریان بنووسێ. بەڵام ئێستە ناتوانێ ئەو ئاواتانە بهێنێتەدی.)**

ژنەکە کە دوای خۆشتن لەرەشماڵەکە هاتبوە دەرپرسیی:

- "چۆنی ؟"
- "خراپ نیم "
- "ئێستا دەتوانی نان بخۆیت ؟"

مۆڵـۆی لەدوایـەوە بینـی مێـزە سـەفەرییەکەی هـەڵگرتبوو و خزمەتکارەکەی دیکەش قاپەکان.

گوتی:

- "دەمەوێ بنووسم"
- "دەبێ تۆزێ گۆشتاو بخۆیت تا کەمێ بێیتەوە سەرخۆت"

هاری گوتی:

- "من ئیمشەو دەمرم، ئیتر بۆ بێمەوە سەرخۆم."
- "هاری تکات لێدەکەم لەوە زیاتر رەشبین مەبە "
- "بۆ لووتت بەکار ناهێنی برینەکە بۆگـەنی کـردووە و واگەیـشتە ناوەندی ڕانم، گۆشتاوی چی بخۆمەوە ؟ " مۆلۆویسکی و سۆداکە بێنە بە نەرمییەکەوە گوتی:
- "تکات لێدەکەم گۆشتاوەکە بخۆرەوە"

"باشە"



گۆشتاوەکە زۆر گەرم بوو، بۆیە تۆزێ لە قاپەکەدا هێشتیەوە تا سـارد ببێتەوە پاشان زۆری لەخۆی کرد و گورج خواردییەوە بێ ئەوەی برشـێتەوە و گوتی:

" ئافرەتێکی سەیری، هیچ گوێ بەمن نادەیت ". ئاوڕێ لێدایـەوە و تەماشاییێکی ئەو دەم و چـاوەی کـرد کـە چـاکی دەناسـی و زۆریـش لـە (سواری*) و (( شـار و لادیـدا )) ی خـۆش دەویـست. ئـەو دەم چـاوەی نەخواردنەوە و نە ناو جێگەش تێکیان نەدابوو مەگەر کەمێك نەبێ، بەڵام (( شار و لادی**)) قەت وا مەمکی قووت و ڕانی خرپن و دوو دەسـتی نەرم و نیانی و هەندێ کووڕی بەم جۆرەی بەخۆیەوە نەدیبوو. کـە ئـاوڕی لێدایەوە زەردەخەنە شیرینەکەی بینی هەستی کـرد دووبـارە مـەرگ لێـی نزیك دەبێتەوە، ئەمجارەیان زۆرەملێی تێدانەبوو، تەنها هەستی بەشنەیێك کرد وەك ئەو شـنەیەی نـەختێ تیـشکی مۆمێـك دەلەرێنێتـەوە و لـە دواییدا بڵند تری دەکات.

- تـەنها کوللەکـەم بـۆ دەرکـەن و بـەو دارەوەی ببەسـتن و ئاگرێـك بکەنـەوە، ئەمـشەو لـە خێوەتـدا ناخـەوم، نامـەوێ دەقیقـەییێك لـە دواکاتەکانی ژیانم بەلەملا بۆ ئەو لا رۆیشتن بە فیڕۆ بدەم، مانگە شەویشە و باران نابارێ.

---

* المهماز Spur

** Town and Country

کەواتە بەم جۆرە مردی، لەو چیانەدا کە توانای بیستنیانت نەبوو، لەمڕۆ بە دواوە چیتر ناخۆشیتان نابێ، دەیتوانی بەڵێنی ئەوە بدات چونکە نەیدەویست لەم ساتەدا ئەزموونەکە تێك بدات. تاقە ئەزموونێك کە قەت لەمەو پێش نەیزانیوە، کێ دەڵێ لەوانەشە تێکی بدات، چونکە هەمیشە پیشەی شت تێکدان بوو، بەڵام کێش دەزانێ لەوانەیە تێکی نەدا.

- "ئۆ ئیختیزال نازانی ؟ وانییە؟ "

ژنەکە وەڵامی دایەوە

- "قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان فێری نەبووم."

- "زۆر باشە"

هەرچەندە ئەو شتانە تێکچڕژاو و تێك ئاڵاو دەهاتنە پێش چاو، هێشتا هەر دەتتوانی هەموویانت ، ئەگەر بەباشی جڵەویانت بۆ بگیرێ، لەیەك بڕگەدا دابڕشتایە، بەڵام ئاشکرایە ماوەت نییە.

**(لەسەر بانەکەی سەرو دەریاچەکە خانوویێکی لەداری خڕی ئەستوور دروستکراو هەبوو، درزەکانی بەقوڕ سواغ درابوو و سپی دەهاتە پێش چاو. زەنگێکیش بە تەنیشت دەرگاکەوە بەسەر کۆڵەکەییێکەوە هەڵواسرابوو، لە کاتی نانخواردندا لێیان دەدا و خەڵکەکەیان پێ بانگ دەکرد. لە پشت خانووەکەوە کێڵگەکان بوون و لەپشت کێڵگەکانیشەوە دارستانەکە.**

**ڕێزێك دار چناری لۆمباردی لە خانووەکەوە تا دەریاچەکە کشابوو، کۆمەڵێکی دیکە لەسەر بانەکە ریز ببوون. ڕێگەیێك لە قەراغ دارستانەکەوە سەردەکەوتە سەربانەکە و بە درێژایی ئەو**



**ڕێگایەش تووی لێ دەکردەوە. دواى ئەوەی خانووەکە سووتا و هەموو ئەو تفەنگانەی لەسەر ڕەففە لە قاچی کەڵە کێوی دروستکراوەکان دانرابوون، کە دەکەوتنە سەر ئاگردانەکەوە، گڕیان گرت و فیشەکی ناو یەدەك و مەخزەنەکانیان توانەوە و باروو دەکانی تەقینەوە و ڕژانە سەرخۆڵەمێشی ژێر مەنجەڵە ئاسنینە زلەکان کە بۆ سابوون دروستکردن ئاویان تێدا دەکوڵاند. لە باپیرەتت پرسی ئایا دەتوانی ئەوە ببەیت یاریی پێ بکەیت ؟ گوتی: نەء تۆش چاکت دەزانی ئەو تفەنگانە موڵکی ئەو بوون و دواى ئەوەش نە تفەنگی دیکەی کڕییەوەو نەچووشەوە بۆ ڕاو. خانووەکە دووبارە لەداری هەمان دارستان دروستکرایەوەو بە ڕەنگی سپی بۆیە کرا، لە بالکۆنەکەیەوە دار چنارەکانت دەبینی و دەریاچەکەش لەو لای دارەکانەوە پان بووبووەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێ تفەنگەکانت نەدیتەوە هەڵواسرێنەوە. لوولەی تفەنگە سووتاوەکان کە جاران بەقاچی کەڵەکێوییەکانەوە بەدیواری ماڵە دارینەکەدا هەڵدەواسران ، لەو ناوەدا بەسەر خۆڵەمێشەکەوە فڕێ درابوون و کەسیش نەدەچوو بەلایانا و دەستکاری نەدەکردن.**

**دواى شەڕ لە ((جەنگلە ڕەشەکە*)) جۆگەلەیەکی پڕ لە ماسی ی ئەترووتمان** بەکرێ گرت. دوو ڕێگە هەبوو بۆ ئەو جۆگەلەیە دەچوو.**

* جەنگلە ڕەشەکە ـ الغابة السوداء ـ زنجیرە شاخێکی ئەوروپایە.

** ئەترووت جۆرە ماسییەکی روباریە.

یەکێکیان لە تریبرگەوە بەرەو خوار دەبووەوە بۆ شیوەکە و لەوێشەوە لە ژێر سێبەری دارە سپییەکانی ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگەکەوە پێچێکی بە دەوری ڕێگەی شیوەکە دەدا تا دەگەیشتە لا ڕێیێك کە بەرەو بانەکان سەردەکەوت بەناو گەڵی کێڵگەی بچکۆڵە و ماڵە گەورەکانی (( جەنگڵە ڕەشەکە)) دا تا دەگەیشتە جۆگەلەئاوەکە. لەو جێیە و بۆ یەکەم جار دەستمان بەڕاو کرد.

ڕێگەکەی دیکەش، وای پێویست دەکرد بەسەر خەلەندێکی زۆر لێژدا سەربکەوین تا بگەینە قەراغ دارستانەکە و لە وێشەوە بەسەر بانەکان و بەناو دارسنەوبەرەکاندا بڕۆین تا قەراغ زەوییەکی فراوان کە بۆ لەوەڕ بەکار دەهات، ئەوجا بەرەو خوار دەبووینەوە تا پردەکە. دار ((سندر)) ەکان بەدرێژایی جۆگەلەکە بەرز ببوونەوە ، جۆگەکە گەورە نەبوو، بەڵکو تەسك و تیژ ڕەو بوو، بەڵام ئاوێکی زۆلاڵی هەبوو و گۆمیشی لە دەوری دارەکان دروست کردبوو، هەندێ لەو گۆمانە لەو شوێنەی ئاوەکە خاکی ژێر ڕەگی دارەکانی هەڵدڕیبوو پەیداببوون.

لە ئوتێل تریبێرگ **Triberg** خاوەن کارەکە زۆر دڵی بەو وەرزە خۆش بوو، ساڵەکەی هات بوو، هەموو شتێ بەخۆشی و جوانی ڕازابووەوە و دۆستایەتییەکی توند پێکمانییەوە بەستبوو.

بەڵام ساڵی دوایی، وڵات تووشی هەڵاوسانی دارایی بوو و گشت ئەو پارەیەی ساڵی پێشوو کۆی کردبووە وە بەشی ئەوەی نەدەکرد زەخیرە بۆ ئوتێلەکە بکڕێ و لەداخانا خۆی خنکاند.



دەتتوانی بەئاسانی ئەمە بنووسی بەڵام لە تواناتا نەبوو وێنەیەکی گۆرەپانی کۆنتەر سکارپ **Place conterscrape** بکێشی کە گوڵفرۆشەکانی سەرجادەکە گوڵەکانیان بۆیە دەکرد و بۆیە کە دەڕژایە سەر وێستگەی پاسەکان. پیرەمێردو پیرەژنەکان هەمیشە بە عەرەق و خڵتە*خراپەکان سەرخۆش بوون و منداڵەکانیش لەسەرمانا هەردەم ئاو بەلووتیانا دەهاتە خوارەوە. بۆنی عەرەق و هەژاری و سەرخۆشی لە چایخانەی **Café das Amateurs** ـ هواة ـ ەکان و سۆزانییەکانی پاڵ مۆزێت **Bal Musette** کەلەقاتی سەرەوەی چایخانەکە دەنووستن بەوناوەدا بڵاو دەبووەوە.

بەڵێ، نەتدەتوانی وێنەی دەرگاوانی مەیخانەکە بەنووسین بکێشی، ئەو دەرگاوانەی لە کۆختەکەیدا میوانداریی یەکێك لە (( پاسەوانە کۆمارییەکان))ی دەکرد و خودە بەمووی ماینێ رازاوەکەی لەسەر کورسییەك دانابوو. یان باسی ژنی کابرای وەرزشەوان بکەیت، کە لە دالانەکەدا ژوورێکی گرتبوو ومێردەکەی خەریکی پێشبڕکێی پاسکیل بوو، یان وێنەی ئەو خۆشییەی بکێشی کە بەیانییەکە لە دوکانی شیرفرۆشەکەدا لاپەڕەکانی گۆڤاری (( ئۆتۆ )) **L'Auto** ی هەڵدایەوە و بینیی مێردەکەی لە (( خولی پاریس )) دا بەسێیەم دەرچووە ، ئەمە یەکەم پێشبڕکێ گەورە بو کەتا ئەوسا بەشداریی تێدا کردبێ، دەم و چاوی سوور هەڵگەڕا و پێکەنی. گۆڤارە

* خڵتەی دۆشاوی خورماو ترێ و سێو و میوەی دی

وەرزشییە زەردەکەی بەدەستەوە بوو کەبەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوت و لە خۆشیا دەگریا مێردی ئەو ژنەی (( پاڵ مۆزێت )) ی بەرێوە دەبرد سایەق بوو، ئەو ڕۆژەی ناچاربوو، هاری،بەیانییەکی زوو بەفرۆکە بڕوات، هات لە دەرگاکەیدا و لە خەوی هەڵساند وپێکی پەرداخێ عەرەقی سپی یان لەبەر بارەکە دا خواردەوە وتێ یان تەقاند. هەموو دراوسێکانی ئەو گەڕەکەی دەناسی چونکە گشتیان هەژار بوون.

لە دەوروبەری ئەو گۆرەپانەدا دوو کۆمەڵ خەڵك دەژیان، کۆمەڵی سەرخۆشان و کۆمەڵی وەرزشوانان. سەرخۆشەکان هەژاری ونەداری خۆیان بەو جۆرە لە بیر دەبردەوە لەکاتێکدا وەرزشوانان بەمەشق کردن ئەوەیان دەکرد. لەنەوەی کۆمینار* بوون و رامیاری بەلایانەوە گرفتێکی گران نەبوو، دەیانزانی کێ باوك و براو هاوڕێ وخزمەکانیانی گوللە باران کرد، کاتێ کەسوپاکانی ڤێرسای دوای رووخانی کۆمۆن هێرشیان برد و شارەکەیان داگیر کرد، هەر کەسێکیان دەس کەوتایە لەدەست ئەستوورە زبرەکان یان

---

* کۆمینار: لایەنگرانی کۆمۆنەی پاریس بوون Commune de paris کەبریتی بوو لە دەسەڵاتدارییەتی شۆڕشگێران کە دوای کۆتایی هاتنی ئابلۆقەی پروسییەکان و بەرپا بوونی شۆڕش لە پایتەختی فەڕەنسادا لە 18/ ئازاری 1871 دا دامەزرا. ئەو دەسەڵاتدارییە تە لە 28 / نواری هەمان ساڵ لەناوچوو. دوای ئەوەی هێزەکانی حکومەتی تێیر سەرلەنوێ ئابلۆقەی پایتەختی فڕەنسایان دایەوە. ( و. ع )



شەبقەلارەکان یان هەرکەسێ نیشانەیێکی چینی کرێکاری پێوە بوایە، سەریان دەپەڕاند.

لەلێشاوی ئەو هەژاریی و لانەوازییە، لەو گەڕەکەدا، لە نێوان دوکانی فرۆشتنی گۆشتی ولاخی بەرزە و هەرەوەزییەکەی ئارەقدا، سەرەتاییێکی بۆ ئەو شتانەی دەیویست لە دواییدا بیاننووسێ، تۆمار کرد.

هیچ گەڕەکێکی لەگەڕەکەکانی پاریسی بە قەدەر ئێرەی خۆشی نەدەویست، بەدارە گەڵا چڕەکان و خانووەکۆنە سپی یەکانییەوە کەلەدامێنەوە بەرەنگێکی بۆر بۆیە کرابوون، بە وێستگە سەوزە درێژەکەی ئۆتۆبیسی گۆرەپانە خڕەکە و بۆیە رژاوەکانی گوڵفرۆشەکان بەسەر بەردی جادە ڕێکخراوەکە و لێژیە ناکاوەکەی سەروو جادەی کاردینال لۆموان **Cardinal lemoine** کەبەرەو رووبارەکە خواردەبووەوە و قەرەباڵغییەکەی شەقامە تەسکەکەی موفتار **Mouffetard** کە دەکەوتە ئەو بەرەوە و ئەوجادەیەی بەرەو پانتیۆن **Pantheon** سەر دەکەوت، جادەکەی دیکەش بەخانووە بەرزە تەسکەکانیەوەکە هەمیشە سواری پایسکل پیایدا دەڕۆیشت و تاقە جادەیەکی قیرتاو کراو و نەرم بوو لەژێر تایە لاستیکییەکەی پاسکیلەکەدا. ئەو ئوتێلە بەرزە هەرزان بەهایەی پۆل ڤرلینی تێدا مرد. ئەمانەی هەموو خۆشی دەویست. ئەو شقەیەی تیایدا دەژیان لەدوو ژوور پێکهاتبوو، لەقاتی سەرەوەی. ئوتێلەکە ژوورێك هەبوو کرێکەی شەست فرەنك بوو و بۆ نووسین تەرخانی

کردبوو و لەوێشەوە دەیتوانی سەرنجی هەمووسەربان و دووکەڵکێش و بانەکانی پاریس بدات. لەشقەکەوە جگە لەدوکانی دار و خەلووز فرۆشەکە، کە عەرەقی خراپیشی تێدا دەفرۆشت و کەللە زێڕینەکەی ئەسپەکە کە بە بەر دەرگای دەرەوەی قەسابخانەکەی ولاخی بەرزەوە هەڵواسرابوو و لەشە هەڵواسراوەکانی ولاخە سەربڕاوە سوورو زەردە زێرینەکان کەلەپەنجەرەکەوە دەیبینی. جگەلە (( هەرەوەزییە)) بە سەوز بۆیە کراوەکە ـ کە عەرەقەچاکە هەرزانەکانیان ـ لێدەکڕی، جگە لەمانە چیی دیکەت نەدەبینی.

ئەوانی دیکە هیچ نەبوون، مەگەر دیوارە بەردینەکان و پەنجەرەی دراوسێکان نەبێ، ئەو دراوسێیانەی کەلە نیوە شەودا سەرخۆشێکیان دەبینی بەنکە و نالە لەسەر جادەکە کەوتووە، ئەو سەرخۆشە فرەنسییە نموونەییەی هەوڵیان دەدا بەپروپاگەندە کردن پێشی بسەلمێنی شتی وانییە و ڕوونادا، پەنجەرەکانیان دەکردەوە و بەچپە ئەم قسانەیان لەناو خۆیاندا دەکرد.

- "کواپۆلیسەکە، کە پێویستت بەو نارەسەنە نەبێ هەمیشە لەبەر لوتتدا قوت بووەتەوە، رەنگە لەگەڵ یەکێك لە کارەکەرەکانی ئوتێلەکە یان بارەکاندا خەوتبێ. بانگی پۆلیسەکە بکەن."

دوای ئەوە یەکێك لە پەنجەرەیێکەوە سەتڵی ئاو ڕۆ دەکات و نکەو ناڵەکە نامێنێ. (( ئەمە چییە ؟ ئاوە ! ئاە ئەمە ئیشێکی زیرەکانە بوو )) ئیتر پەنجەرەکان دادەخران. ماری، ئەو ژنەی ماڵەکەی بۆ پاك دەکاتەوە، نارەزایی خۆی دەردەبڕی لەبەر ئەوەی رۆژی کارکردن کراوە بە هەشت سەعات و دەڵێت (( ئەگەر پیاوەکانمان تا سەعات



شەش ئیشیان بکردایە نەیاندەتوانی بەو جۆرە خۆیان سەرخۆش بکەن ئەنجا بێنەوە ماڵەوە و زۆربەی رۆژانە کەشیان لە عەرەقدا خەرج بکەن، بەڵام کە تا پێنج ئیش بکەن ئەوە هەموو شەوێ دەخۆنەوە وپارەش لەگیرفانماندا نامێنێ.

تەنها ژنە کریکارە ئازاری کەم کردنەوەی کاتی کارکردن دەچێژی.))

لەم ساتەدا ئافرەتەکە گوتی:

- حەزت لە تۆزی شۆربای دی نییە ؟ "

- "نەء . زۆر سوپاست دەکەم، بەڕاستی شۆربای چاکە.

- "تۆزێکی دیکەش بخۆ "

- "حەزدەکەم نەختی ویسکی ـ سۆدا بخۆمەوە."

- "ئەمەیان سوودی بۆت نییە"

- بەڵێ زیانی بۆم دەبێ.کۆڵ پۆرتەر Cole Porter گۆرانییەکی نووسی و ئاوازیشی بۆ دانا (( دەزانم تۆمنت زۆر خۆش دەوێ ))

- "باش دەزانی من حەز دەکەم بتبینم عەرەق دەخۆیتەوە"

- "بەڵێ دەزانم. ئەوەندە هەیە زیانم پێ دەگەیێنێ."

- بەخۆی گوت: کە دەڕۆیت، دەتوانم بە هەوەسی خۆم بخۆمەوە، نەء بە هەوەسی خۆم نا، بەڵکو چیم لەژێر چنگدابێ. آە .. زۆر و زیاد لە پێویست ماندوو بو، دەیویست چاوێك لێك بنێ و کەمێك بخەوێ، بێ دەنگ بوو، چاوی بە دەم و چاوی مەرگ نەکەوت. رەنگە ئێستە لە جادەیێکی دیکەدا بسووڕێتەوە.

رمووزنەکانی مەرگ دوو دوو، بە سواری پاسکیل، دەچنە وێزەی خەڵکی و بێدەنگ بەسەر بەردە ڕێکخراوەکانی ڕێگاکانەوە دین و دەچن.

**(نەء قەت هیچی دەربارەی پاریس نەنووسی، ئەو پاریسەی زۆر لە دڵیدا خۆشەویست بوو، بەڵام ئەی چی دەڵێیت دەربارەی هەموو ئەو شتانەی نەیتوانی لەسەریان بنووسێ.**

**چی دەربارەی کێڵگە پڕ لە ڕەشەوڵاخ و وڵاخی بەرزە دەڵێیت، یان ئاوە زۆڵاڵەکانی جۆگەلە ئاودێرییەکان و سەوزیە گەشەکەی سێ پەڕە. بە ((مجاز)) ەکەدا تا سەر بانەکان سەرکەوت. لە هاوینیشدا ڕەشەوڵاخەکان وەك کەڵە کێوی چوست و چالاك بوون، باشە ئەی چی دەربارەی بۆڕە و سستەرۆی ڕەشە وڵاخەکان دەڵێیت کە پاییزان لە لێژاییەکەوە بەرەو خوارت دەکردنەوە. یان لوتکە بڵندەکەی پشت چیاکان و تیشکی ئێواران کە مرۆڤ بە سواری ماینەوە و لەبەر تیشکی مانگە شەودا بە (( مجاز )) ەکەدا بەرەو خوار دەبێتەوە و ئەوبەری شیوەکەش بە تەواوی دەدرەوشایەوە ؟ ئێستە هاتەوە بیری چۆن شەوێکیان بە ناو دارستانەکەدا تێپەڕی و چاوی هیچ شتێکی نەدەبینی و دەستی بەکلکی ماینەکەوە گرت. گشت ئەو حەکایەتانەی بەتەمابوو بیاننووسێ هاتنەوە یادی. ئەی دەربارەی منداڵە شێتۆکەکەی کۆرسی کنیسەکە چی دەڵێیت کە لە کێڵگەکەدا بەجێ یان هێشت و تێیان گەیاند نابێ کەس دەس لە ئاخەڵەکە[*] بدات و ئەو پیرەمێردە زۆڵەی ـ پێشتر منداڵەکە ئیشی لادەکرد و**

---

* * ئاخەڵ: ئەو لەوەڕە وشکەیە کە وەك ئالیك دەدرێ بەگیانەوەر (و. ع).



**لێی دابوو ـ وەستا و داوای لەوەڕی بۆ وڵاخەکەی کرد و منداڵەکەش نەیداێی و پیرەش پێی دەڵێ ئەگەر نەیداتێ دووبارە لێی دەداتەوە ومنداڵەکەشی چووە مۆبەقەکە وتفەنگێکی هێنا، کەپیرە مێردەکە لەکەنووەکە نزیك بووەوە فیشەکێکی پێوەنا.**

**کەگەڕانەوە کێڵگەکە هەفتەیێك بوو پیرە مێرد کوژرابوو و لە گەوڕی ڕەشەوڵاخەکاندا شەختە و سەرما رەقی کرد بوو و سەگیش هەندێکی لێ خواردبوو ـ بەڵام تۆ، پاشماوەی پیرەمێردەت لەبەتانییەکەوە پێچاو بەگوریسێك بەستت و خستتە سەر عەرەبانەیێکی خلیسکێنە و بە منداڵەکەت گوت یارمەتیت بدات و عەرەبانەکە ڕابکێشێ.**

**بەو جۆرە هەردووکتان عەرەبانەکە تان لێخوڕی تا سەر ڕێگاکە، دوای ئەوە شەست میلت بڕی تابگەیتە شار و منداڵەکە بدەیتە دەست پۆلیس، ئەویش بێ ئاگا لەمەسەلەی گرتن، وای دەزانی باشی کردووە و ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە و تۆش هاورێی ئەویت و پێویستە خەڵات بکرێ. یارمەتی گواستنەوەی پیرەمێردەی دا تا هەموو کەسی بزانێ چەند کابرایێکی خراپ بوو و چۆنیش ویستی لەو ئاخەڵەی مافی پێوە نەبوو بدزێ. کە پارێزگای ناوچەکە کەلەبچەی کردە دەست بڕوای بە چاوی خۆی نەکرد، پاشان دەستی بەگریانێکی بەکوڵ کرد.**

**ئەوە چیرۆکێك بوو داینابوو رۆژێ لە ڕۆژان بینووسێ، بەلایەنی کەمەوە بیست چیرۆکی چاکی دیکەی دەربارەی ئەو ناوچەیە دەزانی، بەڵام بۆی نەکرا هیچیان بنووسێ ـ بۆ ؟ )**

گوتی:

- "تۆ پێیان بڵێ بۆ ؟"

- "ئەڵێی چی ئازیزەکەم ؟"

- "هیچ ".

ئێستا و لەوەتی ئەمی دەسکەوتووە زۆر ناخواتەوە، ئەگەر ماونەمرد دەبێ نە دەربارەی ئەم و نەئافرەتەکانی دیکە نەنووسێ.

دەوڵەمەندەکان پیاویان بێزار دەکرد و زیـاد لـە پێویـست دەیـانخواردەوە و تاوڵەیان دەکرد، بێزراو و بێ تام ژیانیان دەبردەسەر.

جولیانە بەسزمانەکەی هاتەوە یاد، چۆن هەر لە خۆیەوە لە دەوڵەمەنـدەکان دەترسا، چۆنیش، ڕۆژێکیان کە چیرۆکی نووسی بەم جـۆرە دەسـتی پێکـرد: (( دەوڵەمەندە گەورەکان لەمن و تۆ جیاوازن )) چۆن هەندێ کەسـی بـەجولیانیان گوت: ((بەڵێ، چونکە پارەی زیاتریـان هەیـە.))بـەڵام جولیانـە ئـەم قـسەیەی بەجوان نەزانی و بڕوای وابوو ئەوان رەگـەزێکی تایبـەتن و سـیحرێکی سـەیر دەوری داون، تا بۆی دەرکەوت وانین، ئەو دۆزینەوەیە لە هەموو شـتێك زیـاتر تێکی شکاند.

بێزی لەوانـە دەهاتـەوە کـە بەرگـەی تەنگانـە نـاگرن و تێـك دەشـکێن. ڕۆژێکیان بەخۆی گوت: دەتوانم بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بـبم، چـونکە هـیچ شتێك نییە زیانم پێ بگەیێنێ ئەگەر پشت گوێی خەم و گوێی نەدەمێ. باشە، چیتر گوێ بەمردن نادا، تەنها لە یەك شت دەترسا، ئەویش ئازاربوو، دەیتوانی وەك هەر پیاوێکی دی بەرگەی ئازار بگرێ بەمەرجێ زیاد لـە پێویـست زۆر و توند نەبێ بەرادەیەك هێزی بەرگریی لەناو بەرێ. بەڵام لێرەدا رووبەڕووی شتێك



بووەتەوە کە ئازارێکی کوشندەی پێ گەیاند تاکو هەستیکرد خەریکە پـشتی دەشکێنێ، ئیتر ئازارەکە کەم بووەوە و نەما.

**(بـیری کەوتـەوە چـۆن ولیـامس Williamson ئەفـسەری سەربۆمباکان، پێش ماوەییێکی زۆر کاتێ چووبوو تەلە دڕکاویـەکان ببڕی یەکێك لە سەربازەکانی دەورییەیێکی ئەڵمانی نـارنجۆ کێکـی تێگرت و دەستی بە هاوار و پاڕانەوە کرد بەشکو یەکێك بیکـوژێ. ولیامس کابراییێکی قەڵەوی زۆر ئازا و ئەفـسەرێکی سـەرکەوتووبو، لەگەڵ ئەوەشدا تۆزێ هەڵەشەبوو، بـەڵام ئەوەشـەوە ئەڵمانـەکان بـە پرۆجەکتەر بینی یان وکەوتە داوی تەلە دڕکاوییەکانەوە و ریخۆڵەکانی بەسەریاندا بڵاوبۆوە، کەبە زیندویەتی فریای کـەوتن و هێنایانـەوە ناچار بوون بۆی ببڕنەوە، ئەویش هاواری دەکرد (( هاری ، بۆ خاتری مەسیح گوللەییێکم پێوەنێ، گوللەییێکم پێـوە بنـێ ! )) ڕۆژێکیـان لەسەر بیرۆکەییێك مشت و مڕیان بوو، ئەویش ئەوەبوو کە خوا هـیچ شتێ لە توانای مرۆڤـ بەدەرناخاتە ئەسـتۆی. هەنـدێکیان بەڵگـەی ئەوەیان هێنایـەوە کـە ئـازار جاروبارـە شـێوەییێکی ئۆتۆمـاتیکی نامێنێ. بەڵام ئەو شەوە بەردەوام بیری لە ولیـامس دەکـردەوە کـە بەهیچ جۆرێ ئازارەکەی نەڕەوییەوە تا هەرچی حەبی مۆرفینی هەبوو دایێ و هەر سوودیشی نەبوو.)**

هەرچییەك بێت، ئەوەی ئێستە بەدەستیەوە دەناڵێ، ئەگـەر بـەرەو خـراپتر نەچێ، زۆر ئاسانە وپێویست بەهیچ دڵەڕاوکێیێك ناکا. تەنها ئەوەنەبێ حـەزی - دەکرد چەند هاورێیەکی دیکەی لەگەڵ بوایە، هەندێ بیری لـەو هـاوڕێ یانـە کردەوە کە ئاواتی دەخواست بەلایەوە بونایە. لـە دڵـی خۆیـدا گـوتی: نـەء،

کەشتێك لەسەرخۆ و زیاد لە پێویست دەکەی و زیاد لە پێویستیش تیایدا دوا بکەوی، ناشێ چاوەڕێی ئەوە بیت خەڵکەکە لەوێ مابن، هەموو یان ڕۆیشتوون و خۆشخوانیش بڵاوەی لێکرد و تۆشی وا بە تەنیا لەگەڵ خانە خوێکەتداماویتەوە.

کەمێ بیری کردەوە: من لەهەموو شتێك بێزارم، تەنانەت لەم گیانەڵلایەشم.

بەدەنگێکی بەرز گوتی:

- "بەراستی شتێکی ناخۆشە "

- "چییە ناخۆشی ئازیزەکەم ؟"

- "هەرشتێك مرۆڤ بۆ ماوەییێکی دووروودرێژ و زیاد لە پێویست بیکات. "

تەماشای دەم و چاوی کرد کە دەکەوتە نێوان ئەو و ئاگرەکەوە، لەسەر کورسییەك دانیشتبوو و کەمێك خۆی بۆ دواوە لار کردبووەوە، تیشکی ئاگرەکە بەسەر ئیسکە سووکەکەیەوە دەدرەوشایەوە و دەیتوانی بەئاسانی چاوە خەواڵوەکانی ببینێ، ڕاستەوخۆ لەو دیو روناکییەکەوە گوێی لە دەنگی کەمتیارەکە بوو.

گوتی:

- "دەمنووسی، بەڵام هیلاك بووم "

- "دەتوانی بخەوی ؟"

- بێگومان، ئەی تۆ بۆ ناچی بخەوی ؟

- "حەز دەکەم لەگەڵت دانیشم "

لەژنەکەی پرسی



- "هەست بە هیچ شتێکی سەیر ناکەیت ؟"

- "نەء ، بەڵام نەختێ خەواڵووم "

گوتی:

- "کەچی من هەست بە شتێکی سەیر دەکەم".

لەو ساتەدا هەستی کرد دووبارە مەرگ لێی نزیك دەبێتەوە و گوتی:

- "دەزانی تەنها شتێك لە دەستم نەدابێ خۆتێ هەڵقورتاندنە"

- "تۆ هیچ شتێکت لەدەس نەچووە، تۆ لە هەموو ئەو پیاوانەی بەدرێژایی تەمەنم ناسیومن تەواوتر و کامڵتری"

گوتی:

- "وەی خوایە ئەم ئافرەتە چەندە نەفامە، ئەمە چییە دڵت وات پێ دەڵێ؟ "

چونکە هەر لەو ساتەدا مەرگ هات و سەری نایە سەرقەرەوێڵەکە، دەیتوانی هەست بە هەناسەکانی بکات.

بە ئافرەتەکەی گوت:

- "هەرگیز بڕوا بەهەقایەتی ئەم داس و کەللە سەرە نەکەی. لەوانەیە مەرگ لە دوو پۆلیسی پایسکل سواردا یان لە باڵندەییێکدا بێتە دی، لەوانەشە لمۆزێکی فشی وەك لمۆزی کەمتیاری هەبێ ".

واخەریکە بەسەر لەشیا هەنگاو دەنێ، بەڵام هیچ شێوە و سیماییێکی نەبوو، تەنها بۆشاییەکی پڕ دەکردەوە و هیچی کە.

- "پێی بڵێ بابڕوا"

بەڵام لە جیاتی ئەوەی بڕوا کەمێکی دی هاتە پێشەوە.

پێ ی گوت

- "کوڕی قەحبەی بۆ گەن، هەناسەییێکی پیست هەیە".

بەڵام ئەو هەر لێی نزیك دەبووەوە، ئەوەندەی لێ نزیك بووەوە چیتر لە توانایدا نەما یەك وشەی لەزار بێتەدەر کە مەرگ بینیی ئەم ناتوانێ قسەبکا زیاتر لێ ی چووە پێشەوە، ویستی بێ قسە کردن لە خۆی دووری خاتەوە، بەڵام ئەو هەر بەسەر لەشیدا دەهات تا بە تەواوی سواری سنگی بوو. لەو کاتەی مەرگ خۆی بەسەریا دابوو نەقسەی بۆ دەکرا و نەجوولە.

گوێی لێ بوو ئافرەتەکە گوتی:

- "بوانا خەوی لێ کەوتووە، قەرەوێلەکەی زۆر لەسەرخۆ هەڵبگرن و بیبەنە ناو رەشماڵەکە"

توانای ئەوەی نەبوو پێی بڵێ مەرگم لێ دوور خەرەوە، بە جۆرێ سواری سنگی ببوو تەنانەت نەیدەتوانی هەناسەش بدات، بەڵام کە قەرەوێلەکەیان هەڵگرت هەموو شتێك تەواو بوو و قورساییەکەی سەر سنگی نەما.

زۆری پێ نەچوو بەیانی دا و گوێی لە گرمەی فڕۆکەکە بوو، لەپێشدا زۆر بچووك بوو دوایی بە بازنەییێکی پان خولایەوە و خزمەتکارەکان دەرپەڕینە دەرەوە ونەوتیان بەسەر دارەکاندا کرد و پووشیان خستە سەرو ئاگریان تێ بەردا. لە هەردوو سەری زەویە تەختەکەوە دووگڕی گەورە بەرز بووەوە و شنەبای بەیان بەرەو سەربازگەکەی پاڵ پێوە دەنان.

فڕۆکەکە دووجاری دی، بەڵام ئەمجارەیان بەنزمی، خولایەوە و نیشتەوە و بەرز بووەوە وهێدی هێدی لەسەر وشکانییەکە نیشتەوە. دوای ئەوە کۆمپتونی Compton پیرەمێرد بە پانتۆڵێکی وەرزشیی فراوان و چاکەتێکی تەنکی خوری و کلاوێکی لبادی بۆرەوە بەرەولای هات.

کۆمپتۆن گوتی:



- "ئەوە چیتە کەڵەشێرە پیر"

ئەویش وەڵامی دایەوە

- "برینەکەی قاچم لێی پیس کردووم. حەزت لێیە نانی بەیانی بخۆی".

- " سوپاس، پێش تۆزێ چام خواردەوە، وەك دەزانی ئەوە ( Puss Moth)(*) پەس مۆسە ناتوانم ((میم ساحیب)) یش بەرم چونکە تەنها جێی یەك کەسم هەیە. لۆریەکەشت بەرێوەیە ".

هیلین کۆمپتۆنی بردبوە پەنایێك و قسەی لەگەڵدا دەکرد، کە گەڕایەوە زۆر لە پێشتر رووخۆش و گەشاوتربوو وپێی گوت:

- "هەر ئیستە دەتبەم و دوایی دێمەوە ((میم ساحیب )) دەبەم، تەنها دەترسم ناچاربم لە ( ئاروشا ) بوەستم بۆ بەنزین وەرگرتن. باشتر وایە بڕۆین ".

- "ئەی چایەکە".

- "خۆت دەزانی گوێی نادەمێ "

خزمەتکارەکان قەرەوێلەکەیان هەڵگرت و بە دەوری رەشماڵە سەوزەکانا پێچێکیان پێداو بەناو تاشە بەردەکانا بەرەو خواریان کردەوە بۆ دەشتەکە، لە ئاگرەکەشیان تێپەڕاند، کە هەر چەندە پووشەکەی تەواو ببوو، بەڵام با سوور دەیگەشاندەوە، تا گەیاندیانە فڕۆکە بچکۆلانەکە. بەئاسانی بۆیان نەخرایە ناو فڕۆکەکەوە، بەڵام کە بردیانە ژوورەوە لەسەر کوشنە چەرمەکەپاڵ کەوت و قاچی لە پشتی کوشنەکەی کۆمپتۆن گیرکرد. کۆمپتۆن فڕۆکەکەی خستە ئیش و خوا حافیزی لەهیلین و خزمەتکارەکان کرد، کە گڕەگڕەکەی زیادی دەکرد و دەبووە

* Puss Moth مێروویێکی ئەوروپیی ناسراوە، بەڵام لێرەدا دروشمێکی بچکۆلانەیە بەسەر ئەو فڕۆکەیەی کۆمپتۆن لێی دەخوڕی. و.ع

ئەو گرمە کۆنەی پێی. ئاشنا بوو فڕۆکەکە ڕۆیشت و کۆمپی *هەوڵی دەدا خۆی لە شوێنی بەرازە کێویەکان لابدا.

دەنگی بەرز بووەوە و لەگەڵ دوا جووڵەیدا بەسەر ئەو بۆشاییەی ئاگرەکانی لێك جیادەکردەوە بەرز بوەوە، لەو کاتەدا هەموویانی بینی وەستا بوون و دەستیان ڕادەتەکاند، سەربازگری لێوار بانەکەشی دی وردە وردە لەبەر چاو تەخت دەبوو و دەشتەکەشی لە دوورەوە پان و فراوان دەهاتە پێش چاو.

چاوی بە پنچك و دەوەنەکان کەوت لەگەڵ زەوییەکەدا تەخت ببوون و شوێن پێی نێچیرەکانی پێوە دیاربوو، لەسەرخۆ بەرەو گۆمە وشك هەڵاتووەکان کشابوون.

ئاوی وای بینی لەوەو پێش هەر نەیدیبوون، تەنها پشتەپانە بچکۆلەکانی کەرەکێوییەکانی بەدی کرد، سەری گاگەلە (( جنۆ* )) کان کە بەسەر دەشتەکەدا ملیان دەنا لە خاڵی گەورە گەورەی دەکرد، بەڵام ئەمانە هەموو کە سێبەرەکەیان پێ گەیشت پەرت و بڵاوبوونەوە، تا بچووك دەبوون وردە وردە بەنەرمەغار دەجووڵانەوە.

دەشتەکەش تاچاو بڕکات پان ببووەوە و زەردەییێکی بۆری دەنواند، لەبەر دەمیشتا کۆمبیی پیرەمێردت بە چاکەتە خوریە تەنکەکە وکڵاوە لبادە بۆرەکەیەوەت لێوە دیاربوو، لەدواییدا گەیشتنە سەر بانەکان و جنۆکانیش بەدوا شوێن پێیەکانی پێشووی خۆیاندا سەردەکەوتن.

---

* کۆمپی Compye نازناوی کۆمپتۆنە.
* جنۆ: جۆریکە لە مانگاکێوی، کلکی وەك کلکی ئەسپ وایە.



پاشان بەسەر شاخەکانا فڕین، لاپاڵەکانی تیژ لێژ ببووەوە و دارستان داپۆشیبو و پڕ بوو لە دار حەیزەرانی ڕەق.

ئەوجا سەرلە نوێ دارستانە چڕەکەیان لی وەدەرکەوت، کە تێیان پەڕاند، بانەکان وردە وردە لێژدەبوونەوە دەشتێکی دیکەیان لێ دەرکەوت، دەشتێکی گەرمی سووربناو، گەرمییەکە فڕۆکەکەی لەراندەوە و کۆمپی ئاوڕی دایەوە بزانێ تا چ ڕادەیەك بەرگەی ئەم گەشتە دەگرێ و لەبەر دەمیشیانا هێشتا کۆمەڵە چیاییێکی دیکەی بۆر مابوو. لەباتی ئەوەی بۆ ئارۆشا بڕۆن بەلای چەپا بایان دایەوە، دیاربوو هێشتا بەنزینیان مابوو، کە تەماشاییێکی خوارەوەی کرد هەورێکی مێخەکی بینی بەسەر زەوی و ناو هەوادا بڵاو ببووەوە وەك سەرەتای بەفرەکە لەگەڵ بۆرانێکی ناکاودا دەبارێ و نازانی لە کوێوە هاتووە، لە دواییدا بۆی دەرکەوت کە ڕەوە کوللەیە و بەرەو باشوور دەڕۆن.

پاشان، لەوە دەچوو رووەو ڕۆژهەڵات بڕۆن، تاریکی داهات و لەهەموو لاییێکەوە کەوتنە ناو ڕەشەباو بارانەوە، باران وا بە لێزمە دەباری وایان دەزانی بەناو تاڤگەدا دەفڕن. کەمێکی پێچوو لەو تاریکییە دەرباز بوون و کۆمپی ئاوڕی دایەوە زەردە خەنەیێکی کرد و هێمای بۆ شتێ کرد. لەپێشیانەوە تەنها لووتکە چوار گۆشەکەی کلیمانجارۆی دەبینی، بەقەدەر ئەم دنیایە پان و مەزن و بڵند و لەرووی هەتاوا بە شێوەیەکی باوەڕ پێ نەکراو دەبریسکایەوە.

ئەو سابۆی دەرکەوت کە بۆ ئەوێ دەچوون. لەو ساتەدا ناڵەی کەمتیارەکە نەما، بەڵام لەژێر پەردەی شەودا دەنگێکی مرۆڤانەی زۆر سەیری لێوە دەهات وەك دەنگی گریان، کە ئافرەتەکە گوێی لێی بوو هێشتا خەو بەری نەدابوو و ئەم دیو و ئەو دیوێکی کرد، لەخەویا لەماڵەوە بوو لە Long island شەوی

پێش دەرکەوتنی کچەکەی بوو لەسەر شانۆی ژیانــە کۆمەڵایەتیــە گــشتییەکە، بەهەر جۆرێك بێت، باوکیشی لەوێ بوو، لەڕادەبەدەر وشك ومۆن بوو.

پاشان دەنگی کەمتیارەکە ئەوەندە بەرز بووەوە لەخەو ڕایچڵەکاند،ماوەییێك نەیزانی لەکوێیە و زۆر ترسا، دوایــی دەســتی دایــە لایتێــك و تیــشکەکەی ئاڕاستەی قەرەوێڵە سەفەرییەکە کرد کە دوای خەوتنی هاری بردبوویانە نــاو ڕەشماڵەکەوە. چاوی بەلەشی کەوت لــەژێر کوللەکــەدا، بــەڵام قاچــی لێ درێــژ کردبوو و بەلاییێکی قەرەوێڵەکەدا شۆڕ ببووەوە و لە فافەکانی کەوتبوونە سەر زەوی، توانای تەماشای کردنی نەبوو و هاواری کرد.

- "مۆلۆ ! مۆلۆ ! مۆلۆ !"

دوایی گوتی:

- "هاری ! هاری ! "

پاشان دەنگی لێ بەرز کردەوە و هاواری کرد

- "هاری ! تکایە ! ئۆە هاری "

نەوەڵامی دەسکەوت و نەگوێیشی لە هەناسەی بوو.

لە دەرەوەی ڕەشماڵەکە کەمتیارەکە ئەو دەنگە سەیرەی لێوەهات کە پێــشتر لەخەوی هەڵساند، بەڵام ئەم نەیتوانی گوێی لێ بێ چــونکە دڵــی زۆر بەتونــدی لێی دەدا.